# منی بێ خۆم

شیعر

شێرکۆ مەحموود عەلی

بابەت : شیعر
ناوی کتێب : منی بێ خۆم
شاعیر : شێرکۆ مەحموود عەلی
ژمارەی چاپ: چاپی یەکەم ٢٠٠٤
دیزاین : جمعە صدیق کاکە
چاپکردنی : چاپخانەی هێڤی
تیراژ : ( ٥٠٠ ) دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( ) ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە

# بەناوی خوای گەورە و میهرەبان

ناوی تەواوم (شێرکۆ مەحموود عەلی)یە، لە هۆزی شێروانیم، لە دایکبووی ساڵی(١٩٦٣)م لەگوندی دارەخورمای نێو باوەشی چیای قەرەچووغ و سەر بە ناحیەی کەندیناوە، کەدەکاتە ئەو ساڵەی یەکەم تەقەی شۆڕشی تێدا کرا، کە عەرەب شاڵاوی هێنایە سەر هێزی پێشمەرگە لەگوندەکەمان چونکە بنکەی پێشمەرگە لەوێ بوو، کە ئەو شاڵاوە ناسراوە بە هەرای عارەبان.. ئەوە بوو گوندەکانی ئەو ناوە زۆربەیان تاڵان کران..

لەبەر نەبوونی ئامار بەشێوەیەکی ڕێکوپێك سەرەتابە (١٩٦٧)و دواتر بە(١٩٦٢)ناسنامەکەیان گۆڕیم، چونکە لە دواناوەندی وەرنەگیرام لەبەر بچووکی تەمەنم بەپێی ناسنامەکە.. لە ساڵی(١٩٨٣)وە خێزانم پێکهێناوە.

خوێندنی سەرەتاییم هەر لەو گوندە تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ناوەندیش چوومەتە شارۆچکەی مەخموور، لەبەرئەوەی باوکم دوو ژنی هەبوو ماڵێکمان لە مەخموور بوو.. (باوکم لە ژیانی خۆیدا چوار ژنی هێناوە) دواتر لە نیوە ساڵی پۆلی سێی ناوەندی هاتینەوە ناحیەی دیبەگەو پۆلی سێم لەوێ

تــەواو کــرد.. بــۆ خوێنــدنی ئامــادەیی هاتمــە هــەولێرو لەبــەر دەستکورتیی خێزانەکەم چوومە (ئامادەیی پیشەسازی هەولێر)کە ئــەو کــات بــڕە پارەیــەکیان دەدایــە قوتابیــانی خوێنــدنگا پیشــەییەکان.. دوای دەرچــوونم وەك هــەر تــاکێکی ئــەو ولاّتــەی ئــەوکات نێردرامــە خزمــەتی ســەربازی و پــاش ماوەیــەکی کــەم دامــەزرام وەك فەرمانبــەر لــەجیاتی ســەربازی(انتداب)لە ژەنگــارو، پــاش دووبــارە گەڕانــەوەم بــۆ عەســکەری چــەندین جار رامکــرد و هەردەم هەلاّتووی دەستی رژێمی بەعس بووم.

مـن وەك مرۆڤێکـی حـەز بـە ژیـان، زوو خولیـای خوێندنـەوەم تەشــەنەی کــرد، کــە ئــەو کــات ئێمــە لــە گونــدێکی دوورە دەســت بووین، بەلاّم براگەورەکەم کە مامۆستا بوو زۆربەی ئەو کتێبانەی بــۆ خوێندنــەوەی دانیشــتنە عەشــایەرییەکان بــە کــەڵك دەهــاتن وەك(شــیرین و فــەرهاد، لەیلــە و مــەجنون، مەولودنامــە، میعــراج نامە، ئــەمیر ئەرســەلان و هتــد...)دەیهێنان.. زۆر جــاران لــە پشــت دیوەخــان و بــەر خۆرەتــاوی بــەهاران پیاوەکــان داوایــان لێــدەکردم یەکێ لەو کتێبانــەیان بــۆ بێــنم و بۆیــان بخوێنمــەوە، منــیش وەك چۆن کە لە قوتابخانــە زۆر زیــرەك بــووم ئــاواش لــە خوێندنــەوەی ئەو کتێبانە بۆ خــەڵکی خوێندنــەوەم رەوان بوو(کــە لــە پۆلــەکانی ســەرەتایی بــووم)، ئیــدی حــەزی خوێندنــەوەم زیــاتر بــواری بــۆ رەخســا کــە کەوتمــە مــەخموورو دواتــریش هــەولێر.. نــاوە نــاوەش

شتێکم بۆ خۆم دەنووسی لە شێوەی شیعر، تا لە ساڵی (١٩٧٨) دووشیعری خۆم زۆر بە ترسەوە ناردە گۆڤاری بەیان کە لە بەغدا دەردەچوو، ترسەکەشم لەوەبوو سیڤەر ناوێك بەرپرسی پۆستەی خوێنەران بوو زۆر رووشکێن بوو، دەترسام وەك چۆن بۆ زۆرانی دەنووسی: تۆ برۆ گۆچان هەڵگرەو چیت لە شیعر داوەو چەندین قسەی خراپتر، ئاواش بۆ من بنووسێ، هەر بۆیە لە ژێرەوە بۆم نووسیبوو من تەنها دەمەوێ رات بزانم کارم بە بڵاوکردنەوە یان نەکردنەوەی نییە، شوکر بۆ خوا رێك بۆی نووسیبووم (بۆ شێرکۆ مەحموود لە هەولێر، تۆ شیعرەکانت زۆر جوانن بە تایبەتی ئەگەر بکرێن بە گۆرانی).. ئەوە هاندەرێکی بەهێزم بوو تا بکەومە گیانی هەرچی کتێبی شیعرەو بیخوێنمەوە، (بۆ زانیاری زۆر دواتر زانیم سیڤەر کێیە رەحمەتی خوای لێبێت).

لە نووسینی شیعر بەردەوام بووم تا رۆژێکیان مامۆستای زۆر بەرێز(عەباس عەبدوڵلا یوسف)کە من تا ماوم خۆم نەك بە قوتابی بەڵکو گوێگرێکی ئەو زاتە دەزانم، دەفتەرە شیعرەکەمی وەرگرت و چەندین تێبینی زۆرباش و رێنیشاندەرانەی بۆ نووسیبووم.

من بە سروشتی خۆم زۆر شەرمنم کە تا ئێستاش لەبەرامبەر کەسی لەخۆم گەورەتر دەشلەژێم، ئەوە رەنگدانەوەی خراپی هەبوو، چونکە وایکرد نووسینەکانم خۆر نەبینن و لە زەمەنی

خۆیـان دوابکـەون، بـۆ نموونـە شـیعرە کلاسـیکەکانم، ئـەو هـەموو چوارینە، شیعرە رۆمانتیکەکانم، تـا لـە سـاڵی(١٩٩٦)یەکـەم شـیعرم بـە ناونیشـانی (پێکـەنین بـە گیـانی بەرد)لـە رۆژنامـەی برایـەتی لاپەڕەی ئەدەب وهونـەر بـڵاو بـۆوە، کـە ئـەوکات کۆمـەڵێك کەسـی دڵسۆز بە ئەدەب و هونەر لەوێ بوون و جیاوازییان بە ئـەوو ئـەم نەدەکرد.. لەوسـاوە دەسـتم کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی شـیعرەکانم و نزیکــەی لــە هەرچــی گۆڤــارو رۆژنامــە هەیــەو مــن دەســتم پێیڕاگەیشتبێ نووسینەکانمم بڵاوکردۆتەوە.. جیا لـەوەش لـە زۆر کـۆڕو چــەند ڤیســتەڤاڵێکیش شــیعرم خوێندۆتــەوە.. بــەوەش نەوەسـتام چـونکە زمـانی عـەرەبی بـاش دەزانم تەرجەمەگـەلێکی عـەرەبی بـۆ کـوردیم (بابـەتی ئـەدەبی و شـیعر) بڵاوکردنـەوە، هەروەها چـەند لێکۆڵینەوەیـەکی کـورت و لەسـەر دەق نووسـین و چـیرۆك و تەرجەمــەی کــوردی بــۆ عــەرەبی و نووســینی خــۆم بـەزمانی عـەرەبی.. (ئەوانـەی باسـم کـردن هـەمووی لـە گۆڤـارو رۆژنامەکان بڵاوبوونەتەوە).

ئەوجارەیان کە هێشتا تینوویەتیم بۆ نووسین نەشکابوو هاتمە نێو بواری رۆژنامەگەری و لە (رۆژنامەی میدیا)دەسـتم بـەو کـارە کرد.. ئەوەی ئاگاداری بوارەکەیـە دەزانـێ کـە کارگـەلێکی باشیشـم لــەو بــوارە کــردووە.. دەمێکیشــە ئەنــدامی کــارای ســەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و فیدەراسیۆنی نێودەوڵەتیم.. ئـەوەی

لــە کۆتــایی دەمـــەوێ بیڵــێم ئەوەیـــە مـــن بـــەخێوکردنی ماڵومنداڵەکانم شـاڵاوی بێویژدانانـەی بـۆ هێنـاوم و ناچـار کـراوم ناوە نـاوە دابـبڕێم تـا پـاروو لـە دەمـی منداڵەکانم نـەبڕێ.. ئـاخر جگـە لـە رەنـج و شـەو خسـتنە سـەر رۆژ بـۆ پەیـدا کردنـی نـان سەرچاوەیەکی ترم نەبوو، هەتا وەك هەر تاکێکی ئەو میللەتە کـە لەسـەر خزمـەت نـەکردنی سـەربازی وەزیفەکـەم لەدەسـت دابـوو دوای راپـەڕین نەیانگێڕامـەوە، هـەر لەبـەر ئـەوەی رازی نـەبووم ملکەچـی هـیچ کـەس و لایـەنێك بم، بۆیـە ناچـار بـووم هەرچـی کاسبییە بیکەم تا منداڵەکانم هەم فێر بکەم سەربەرز بژین، هـەم برسـی نـەبن، بۆیـە هـەر سـەردەمەو بـە کارێـك خـەریك بـووم تـا نەمر و نەژین رۆژگار بگوزەرێنین.

پرســیارێك کەهــەردەم ئاراســتەم دەکــرێ لــە دۆســتانم، لــەو کەسـانەی کـە دووبـارە دەیانبینمـەوە یـان تـازە دەمناسـن یـان لـەو بەرنامانـەی کـە تیایـدا داوەت دەکـرێم، لـە کـۆڕو سمینـار ئـەویش ئەوەیە (خێرە تا ئێستا کتێبی چاپکراوت نییە؟)، منێـك ئەوەنـدە دەردەســەریم بـۆ پـارووی نـان چـێژتبێ، لـە ئێـوە دەپرسـم چـۆن دەمتوانی ئەو برە پارەیـەم هـەبێ تـا لـە کتێبـی خـەرج بکـەم، کـە دەیکــردە چــەندین نانەڕەقــە و چــا بــۆ منداڵــەکانم.. کــەس و لایـەنێکیش نـەبوو بـێ بەرامبـەر بـۆمی بکـات، تـا ئـەمڕۆ و کـاتی نووســینی ئــەو پێشــەکییە ئــەوە هۆکــار و وەڵامــی پرســیارە

هەمیشەییەکەیە. ئیتر لێرە بە دواوە ئەگەر خوا دەرفەت بڕەخسێنێ و تەمەن باقی بێت خەریك دەبم بە بەچاپ گەیاندنیان بە پێی ئیمکاناتی ماددی خۆم، خۆ ئەگەر هەر کەس و لایەنێك، گرووپ و ڕێکخراوێك، بۆمی بکات زۆر مەمنون دەبم، بەڵام بەو مەرجەی شێرکۆی بەو هەموو عەیبەوە قبووڵ بێت.

٢٠١٤/٣/٢٩

بە هاوسەرە هەمیشە ماندووەکەم،
بە منداڵە گوێڕایەڵەکانم،
بە  عومەر سوڵتانی شاعیری جوانەمەرگ،
بە کچە دابڕاوەکەم ( هەڵبەست ) جگەرگۆشە دوورەکەم،
بە هەموو ئەوانەی مووسێك دەخەنە ژێر سەرینەکانیان
بۆ مامانی و بڕینی ناوکی خەونەکانیان،
دیاری و پێشکەشە

# پێناسە

١٩٩٦/٧/٢١

کوڵی شیعر
ئێوەش هەموو
لیتە و قوڕی خشتی خاپوور
تەنیمۆکی پشتی بەڕوو
شۆڕ بنەوە
بە نێو زەریای خەمەکانم
گلاراوی بەچکەی تینووی ئاشیانم
لە گێژەنین
باڵبەستی کەن سەوڵەکانتان
تەنگژەیە
دەعبای بێسەر و قەوزەیە
من لەوێمە ئێوەش وەرن
بادە.....خوێنە

مەزە.....ژاڵە

پیاڵەکانیش کاولە سەرن

جا دەگەن پێم

تێدەگەن لێم

# کۆتکی بەفرین

١٩٩٦/٧/٢٢

گڕناگەکەی مۆمی سەرم
گورگەلۆقەی شیکارمە
سوێراوم پێدە پرژێنن
چەکەر کەردەی پێرارمە
ئەمێستاکە بە کۆتکی بەفرینمەوە
تۆبزی ئاگر
گوڵەگەنم
نامۆن نامۆ
هەتا سەرم دەبینمەوە

# بەرەژان

١٩٩٦/٧/٢٣

کەژی سووتی
درکەکانە
بەرد لادانی ڕێگاکانە
پانکردنەوەی
پێکوڕەیە
لە داردانی
هی کوللەیە
وەرزی ژانی ئاوسەکانە
بەرەژانە
ورکی نوورە
شەمشەمەکوێرە
قڕانە

# تاسە

١٩٩٦/٧/٢٤

تاسەم حەزیایەکی سرکە
هەزار سەر و هەزاران پێ
نە دەمرێ و نە تێر دەبێ
ئەستێرەکان چاو لێکدەنێن
لە کەنەفتی
خۆریش دەنوێ
مانگ دەتۆرێ
ئەو نانوێ
کە سەرێکی پانکەمەوە
زۆری دیکەی لەجێ دەڕوێ
لە سڕ بوونیا تێر تێر دەگری
دوو هەزار چاو ئەشکی خوێنین
لە خۆ دەگری

ئێستا دەمری..........بەڵکە دەمری
بە قیژەیەك هۆنی ئەشك و شەرمەزاری
دەخنکێنێ
گیڤ هەڵدەبێ و پێیەکانی دەچەقێنێ

پێکۆڵ دەکا
سێوی دەوێ
لێوی دەوێ
شەوچەرەی دەوێ بۆ شەوێ
دەڕفێنێ کە پری دیدە
تێکدەشکێنێ قەفەزی دڵ
رووت دەبنەوە بێشەرمانە
دەنیشنەوە بە سەر رووبەری
لەشی گوڵ

# دیواری بەرلین

١٩٩٦/٧/٣٠

مانشێتێکە
لەکەیەکە
ئاگاداربـــــــــن
هەیاسەی گێژاوی ئەم گێژاوە شینە
گڕکانێکە
نارنجۆکی تەقینەوەی ژووانێکە
خەساوەکان
بۆ بەر پێی بت چەماوەکان
تف لێسەکان
دۆخین بەزیو
کۆماوەکان
بە حەپە حەپ هانیان دەڵە
بۆ شاهەنشای زۆنکاوەکان

بێشەرمانە بە هەلهەلە
گەڵی دەڵە و جەبینی وان
کرم و بۆن و کێمیان رووان
لارەشە هات
بۆمبی بۆن هات
بەرهاوێشتنی مێژووە
کارخانە و قەڵپ تێکەڵ بووە
مەریەم تۆمەتی پێکرا
ئێستا عیسا لە خاچ درا
زمانەمەڕ مۆمیا کرا
پە نجەی ئەتۆ....کرۆشترا
شەویلاکمان هەڕاج کرا
* * *
هێی خەڵکینە چەخماخەیە
ئاسۆ روونی و
لۆکەی سافی قۆزاخەیە
پە نجە کوتمە بڕاوەکان
ئاو روونکەرەی کانیاوەکان

ئاوەزێنەی پێڵاوەکان
خەوی نوستووی لافاوەکان
کازیوەیە
قەپێلکەکانیان واشکان
تارمایی لە زەینی تووترڕك
بوو بە میوان
بۆ منداڵە خێر نەدیوان
پسکوێت و نان دابەشکران
دیواری بەرلینیان رمان

# ئەرشیف

١٩٩٦/٨/٦

یاساوڵی ژەنگەکان بوون
سەری کۆرپەکانیان قرتاند
تەلبەندۆکەی ئەشقیاکان
دەسکەنەی پرچ و گۆشتیان
بە گوێی ئازارەکان چرپاند
کتێبە پەڕکاجۆیەکان
چەقۆیان لە هەسان وەشاند
باڵە کۆتر لە ساپیتەی باڵەخانان
خنکێندران
لقە زەیتون دیدەکانیان هەڵکۆڵدران
ئەتك کران
مەرگەوەڕی خەو بینین و راچەنینە
کۆست کەوتنی ناخی قینە
*　　　*　　　*

تەزووەکانی چاوی منە
شەوارەیان شەو گرتووە
تا گەزۆیێ لە کوڵمەی خەم بدوورنەوە
ڕێیان لە شەو ونکردووە
پێش کازیوە
بە کازیوەی دڵی شێتم
چاوە زەقەکانی ئاسمان
دەسڕمەوە
بە تۆپەڵەی پشکۆی حەزم
بەیانییە ساردەکانی لانەوازان
تۆوی زستان دەبڕمەوە
*          *          *
من و ئاگر موددەتێکە
تێکهاڵاوین
من و خەندە عەیامێکە
دابڕاوین
سەرنج بدە بۆ من و خۆت
خاك و ئاوین

**برۆ و چاوین**

**ناوك و ناوین**

**لێكلكاوین**

**مەرگ سنووورە بۆ جەستە**

**ئێمە نەمرین.....نامرین**

**بە ئەزەلی ماوین**

**ماوین**

# جەستە ئاو

١٩٩٦/٨/٩

( پێشکەشە بەو خوێنەی رژایە سەر برینی خاك و بوو بە قەتماغە )

دارەوانێ هەوای رووحی
لە ملی گوڵێك
کردبووە یاخە و بۆیمباخ
زەڵان هات و بە هاژو هووژ
بۆ سەر گیانی پیرۆزی باخ
بۆ دیفاعی ئاونگی رووی دەسگیرانی
بوو بە قەڵغان
خ.....وێنەکەی ف.....وارەی کرد
چوو بۆ ئاسمان
گیرسایەوە بە دەوری باخ
بوو بە چەندین رەوەزە شاخ
رۆژ دەستی نایە پرچی شەو
گوڵان ئاهەنگ

بە تەنیا ئەو
کەس لە ژانی نەدەپرسی
رووت بوو قووت بوو
تینوو برسی
رۆژێ هاتن بۆ قومێ ئاو
پاروویێ نان
بردیان خستیانە ناو مەرکان
لە پە نجەرەی ژووری میریان دانا
بۆنیان لێسەند
دای بە ژانا
شەوێك زەریای نەوسنی میر
گینگلێیدا
چی نەویستە ئەویان روویدا
تك تك تکا
ورد ورد شکا
مێژوو لە میر چوو بە رکا

# شەهوەتی سەما

١٩٩٦/٨/١٣

لەشەقاری پاشپانی غەم
سرووده سۆز ئەبەدییەکان
کەرنەڤاڵی رەنگ مۆریان
لەوەتەرە سوور باوەکانی
جەستەم
دەچڕن
عاستەم ، عاستەم
-----
شۆڕە بییە لەخۆباییەکانی گوێچەم
بەدیتنی پرچە جنۆکاوییەکانی خۆیان
نمایشی باڵێی حوزنیان لێ جاری یە
عەدەم
عەدەم

هەر نەورەسە دێت و جلی دادەکەنێ
چاوە برسییەکانی ئەو دیو
بەفیکەی جورجەکانی ئێرە
بەرووت و قووتەکان  پێدەکەنێ
ڕێی شمشاڵی ....
لەهەر کونێ گەرای فەنای تێدا زاوە
بۆ عاشقانی چاوی شین و مەمکی قووت و
ماچ و مووچی سنوورەکان
شڵتانی زام و زووخاوە
ئەوە من و منەکانین
لەم هەڵڵایە
شەهوەتی سەمامان هەستاوە.

# پێکەنین بەگیانی بەرد *

١٩٩٦/٨/٢٩

ناخم دۆزەخی بێدەنگییەکی سەربڕاوە
رۆخەکانی رووباری حەز کۆرپە کۆرپە
رەنگە ئاوییەکانی
لەمنداڵدان خنکێندراوە
لەهۆشیاریم خۆڵەمێشم
نینۆکی باران دەسوێ
رەنگەکانیش لەخاچ دەدا
گومان لەبوونیشم دەڕوێ
بەگیانی بەرد پێدەکەنم
بەگەردەلوولی دوکەڵ دەگریم
تاهۆشیار بم خۆڵەمێشم
نینۆکی باران دەسوێ

-----------

دەمارەکانی بێدەنگیم دەدورمەوە
لەگەڵ لووتکە ژوان دەگرم
خیز لەدیوارەکان دەکەم
لەو دیو سەرچاوە دەگرم

-----------

لەهۆشیاریم خۆڵەمێشم
نینۆکی باران دەسوێ
لەهۆشیاریم
خەونەکانم چاویان کوێرە
ڕەنگیشیان هەورێکی تێر.

* پاشکۆی ئەدەب و هونەر، ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٢٢٢/٣
لە١٩٩٦/١١/٢٨ بڵاوکراوەتەوە

# گـ٣ـــۆشه

١٩٩٦/٩/١٥

نــــوری خۆری منداڵدانی بوونت خۆڵی خوســـــاوه
درۆیـــــنەی خەونی هەتاو میزاجی قوڕینیتـــــــه
تـاســــولقه تیژەکان پێی خەمت دەگرییێنــــــن
شێتی ســـێبەری هۆشمەندی ناخی هەتـــاوه
گریانـــیش لەگەورەیـــی هەر منـــداڵه

* * *

لەویێش مشك و تاریکی هـــــاوەڵن
کەرەکیـــــفەی شانت هەتوانه
درزەکان خــــــەون دەبینـن
بەرد پێناســــی وجـودە
لەخـەودایەشەهوەت

* * *

دیســان پژمینه
خەتاو ئادەم
گریان و
فەناو
تەم
!

# ئەوێی ئەو دیو*

١٩٩٦/١١/١٦

کاروانە تەمگرتووەکانی پەژمووردەترین فرمێسك
مەکۆی ئومێد لەسەر پشتی هەورە شەختە بەستووەکان
بە رنۆکە خۆڵییەکانی هاوارێکی زمان مانگرتوو
لە پێدەشتی جەرگی هەوارە سواوەکانی یادگار
نەقش دەکەن.
چرا رووحییەکانی سبەی، مەنگترین تاریکی گومان
هەورازێکی باڵا بەرزی دێوزمەییان،
لەتابلۆیەکی بێناونیشان بەسنگیانا هەڵواسیوە
مەرۆ؟؟!
مەرۆ؟؟!
لەسەر پشتی خەوە زڕاوەکانی سێبەر،
بەهارە سارابییەکانی ئێرەی خامۆش،
نووچێ بدە..؟!

دەنا دیتنی ئەو دیو سپیاتی لرفت دەکات!
نەرمە پە نجە کەمۆیەکانی سەرت دەکرۆژێ!
قە تماغەکانی تەلاری شووشەبەندی حەزت ماچ دەکات!
بەهەڵدانی پێکێك لەزەماوەندی ئەوێی ئەو دیو
پێیە مردووەکانی گەڕانەوە لێت یاخی دەبن،
تاوورەگە خۆڵە خەنەییەکەشت
دەبێتە میرات!.

* رۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٢٥٢ لە ١٩٩٧/١/١٢ بڵاوکراوەتەوە.

# بوخچە*

١٩٩٦/١١/٢١

لێستنەوەی برینی شاستەمێکی سیلاوی کراو
رۆچوونە لەئاست مافە دۆڕاوەکانی بۆردومانی گوناح
لەبەسەرهاتی شەستە تیرانی ئاگر هاوێژە دوکەڵاوییەکان
بەناردنی پە نجەیەکت بۆ شاباشی میهرەبانی بای داراوس
هاوسێیەتی کەلاوەو، پەڕە کاغەزو سەدای
دەنگە خنکاوەکان دەکەیت.
بەدوای باوەشێك دەگەڕێی تێی بخزێی و گەرمتکاتەوە
تا لەباوەش منالە چاوکانیاوە پێخواسەکان بگیرسێیتەوە
زیندە خەوێکی شەرابی ددانە کلۆرەکانی رووحت
دەخەسێنێ
بینا کزە شەکەتەکانت لێڵ دەکات.
فەریکە حەزەکانت دەچنەوە بوخچەی دا پیریان و
ئایندەی تۆش

شەو گەڕانە بەدوای خۆر
ڕۆژ گەڕانە بەدوای ئەستێرە
بەڵام؟؟؟
؟

* ڕۆژنامەی برایەتی، ژمارە ٢٢٤٧ لە ١٩٩٧/١/٥ بڵاوکراوەتەوە

# کاتێ هەتاو نێرەمووک دەبێ

١٩٩٦/٨/٢٤

بۆ چەرخەی کاتی گێژی ژەنگە زگماکەکەی
دەمی سەرە ڕێ
سوپای حەزرەتی سولە یمانە
مێروستانە هەر دێ
کات دەوەستێ
هەتاو نێرەمووک دەبێ
سێبەر دەنوێ
چی ئاخورە بەتاڵ دەبێ
سەرنجی ئەودیوی چاو
لە سەهۆڵی جەستەی مردووە خماوییەکان
مۆلەق دەبێ و
کرمەکانی ڕەگی برینە ئاوسەکەم
تۆقیون وا میز لە قوڕگی یەکتر دەکەن

مەتەرێز بە کەلاکی پڕ لە ماکی
یەکتر دەکەن
بەسە ئیتر تۆش و ئەوان
لە برینم شین مەبنەوە
لە پێدەشتی بەربەرینی زاخاوما
قووڵ مەبنەوە
گێژم مەکەن
کە شێت ببم
نەشتەری پە نجەکانم
دەخەمە نێو مەکۆی ئێوەو
برینی خۆم
بە حەزرەتی سلێمانیش دەڵێم
ئەوانەن خەویان خنکاندووم
قە تماغەیان لە برینا حەرام کردووم

# قەدەر

١٩٩٦/١١/٢٨

نغرۆیە
سێبەرە پچڕپچڕەکانی ڕشانەوەی
زەمەنە باکیرە بە دەسنوێژەکانی هەوەسێکی
پێ بەزنجیر
بە کەنینی حەژمەتێکی موستەحیل
قەدەر!!!
ئیرەیی بەتۆ
گەرا زمان شکاوەکانی...
خۆڵیان دەجوی،
خۆڵیان دەکردە پێخەف،
تریاکی خۆڵیان هەڵدەمژی،
سەرەتاتکێی هەڵپە
هەراسانی ئەوبەری دوورییەکانی دەنگ

**بالۆرەی خولیاکانیانە**

**قەدەر؟!؟!**

**ئیرەیی بەتۆ**

**مەمکە کریستاڵییەکانت**

**زەریایەك مەزەندەی نەزۆك و،**

**رەها بوونی حەسرەتە تەماویەکانی فرچك داوە.**

**فریشتەی ... نەمری چرا رەشتاڵەکانی مەرگ**

**رەنگە بلەورییەکەی تۆ**

**چاوی روحیانە**

**قەدەر؟!؟!**

**قە**

**دە**

**ر.**

# مارشی پەڕەمووچەکان*

١٩٩٦/١١/٢٤

لەکۆشەوی کۆڕەوی پەڕەمووچە لانەوازەکانی
نەوڕەسە خۆڵەمێشییەکان،
قەتار کێشی جڵەوی مەرایییە شەو بازەکانت
دەکەی؟
گومڕاییەکی ئاسنین گەمارۆی دڵە شووشەییەکەی
ناوەوەی... (ناختی داوە)
بەژماردنی پێڵاوە سەرەوگێڕە تاکەو تاکەکانی
بەرقاپی هەرەس و چەقین
دەتاسێی و بەرەو تاریکی زیاتر مل دەنێی
ئا پۆڕانێك پەڕەموچە قاوت دەدەن
سیحری سەدای دەنگی مارشی پەڕەمووچە
چاوەکانت یەکجاری تنۆکتر
دەکەن!!!

**ئێمە بۆ کرۆزی جەستەکانمان مسکترین بۆنە**

**لا...**

**تا شەهید بوونی رووحە پەمەییەکانمان نەدۆڕێنین؟؟؟**

* رۆژنامەی رزگاری ژمارە ٣٩ لە ١٩٩٧/٥/٤ بڵاوکراوەتەوە

# مارش الزغب

في جميع ليالي الهجرة الجماعية للزغب المشرد
للنوارس الرمادية
تسحب لجام المرائي الحالكة
احاط بقلبك الزجاجي لؤم حديدي
ب( عد )الأحذية المقلوبة المختلفة
عند باب الإنهيار و الثبات
تختنق و تمضي نحو الظلام
تطاردك أسراب من الزغب
سحر صدى مارش الزغب
يزيد من عمى بصرك أكثر
نحن رائحة شواط أجسادنا أطيب مسك
عندنا
كي لا نخسر إستشهاد أرواحنا الوردية

*نشر في مجلة زاگروس/٩٥/العدد٤في ك١/١٩٩٧

# خەتای رووح

١٩٩٦/١١/٢٨

لە تیشکی ماچی چاوەکانی تۆ
خزامە قەپێلکی هێلکە شەیتانۆکە
پێیەکان تارمایی خۆیان دەقۆپاندەوە
خەتای رووح خۆیان بسمیل دەکرد
بە ئاگر و دەتوانەوە
لە خۆڵەمێشی قەقنەس زیندوو دەبوونەوە
ئەدی چیبکەم
ها؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟؟

# ژەنگە هزر

١٩٩٦/١٢/٨

سەرە پێکراوەکەی
بۆ نەوای ترۆپکە خۆ پەرستەکە
پیرەژنێکی سەردولکە بێژە...؟
سێبەری پە نجە بێدەنگەکەی،
بۆ خواردنەوەی
شەرابی میوانە تامەزرۆکان
لەسەر پشتە؟؟؟
هاتن لەچوون بەرپرسیار نابێ
ئەگەر دەکرێ...
خۆت ناونووسکەو منیش...
پاسە پۆرتم عەباو پەچەی دەسگیرانەکەمە،
لەگیرفانیشم پێنج ناسنامە،
دێم و سەرژمێری هەموو شتێ...

مرۆڤ ناکەم.
ئەوە چییە؟؟؟
دەوارێکی پیری تینوو
سوالّی ئاو دەکا!!!
رێوییەکی زۆلّ
سۆراغی باوکی دەکا!!!
خەونێکی بەتالّیش
لەخەوننامە درۆزنەکە دەپێچێتەوە!!!
ئای کە لەو بازنە ژەنگنەی هزر بێزارم
رووح لەفەزای فیکر گیرساوەتەوە،
لێرەش نابم،
واهاتم،
لەبەر رووناکی خۆرەتاوا
رووت دەبمەوە
وەلاّمەکان
دەدەمەوە.

# پـەرکـەم*

١٩٩٦/١٢/١١

گلماندنی پەرکەمێکی ناچیزە،
خولیای دەڤەرە شەڵاڵەکانی
کەڤرە لووس و ئێشکگرە
قەوزاوییەکانی کردووی..؟؟؟
دە بخەوە
پێڵووەکانت سەردەمێکە ئاڵوودەی ماچن و
لەبینین تۆراون؟؟؟
زریکەی ئەو ئاوە کۆڵبەکۆڵە رەنگ پەڕیوە
لەکردنەوەی گرێکوێرەکانی
تەڕبوون تەزیوە
کوختە تەریکە مت و تاریکەکان
بوختان بەکوفرو تاریکیش دەکەن،
نەك بەتۆ.
نینۆکە بێنوێژەکانی سەرت

لەقاپی گوناح هەڵتووتاون
دەتناسنەوە؟؟؟
تۆ و ئەشك نەبێ...
هەموویێکت هەیە
ئیرەییم بەو کەڤرانە
ئەهریمەن لەبازنەی چاوەکانت
دزی دەکەن،
لەسێبەری جینسی تۆ
گڕ لەخۆڵ بەردەدەن و
لەخۆڵەمێش دەگەوزن
تەڕ بەو...
بگری
ئەگەر ئەشك لەجەستەی بێ ئاو بڕوێ!!!
بگریێ بەڕێوە...
هەتا دەگری.

* ڕۆژنامەی هەرێم ژمارە ١٠٣لە ٣/٤/١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە

# پەیامێك بۆ خاچ*

١٩٩٦/١٢/١٨

لێرەوە...
زەنەك شەوارەی ئارامی خولیاكانی دەگرێ.
لێرەوە...
قورمیش جەنەی وەستان دەكاتە دیاری.
هۆ دۆزە چارۆگە رەشەكەم؟؟؟
دۆژەنی خۆم و تۆش
دەگرمە دۆزەخی نەفرەت و
دێمەوە مارەت دەكەم
جەنگەڵی مۆركراوی تەلیسمە حەرامەكان
لەسوباتی چەقۆی شەوی دیرۆك
دەكەمەوەو
عەرش دەگرم؟؟؟
ئاوازی تەشەنەی پەیامەكەم،

دەژەنم بەگوێی
گیانە مردووە بێسۆنگەکان
پەیام
ئەی پە پوولەترین تاوانبار؟!؟!
لەسیحری عەشقی هەتاو بەتۆ
هەرێمەکانی مەرامی...
گوڵە حەرامزادەکان
تۆوی خوێ و... دروێنەی کۆڤان دەکەن
بفڕە بۆ نەمری
بفڕە جوغزی ئەبەدی
لەسەر دڵی عیسا
لەباوەشی گەرمی خاچ
هێلین بکەو
منیش لەبەر پێت هەڵدەکورمێم و
کڕنۆش دەبەم.

* پاشکۆی ئەدەب و هونەر، رۆژنامەی برایەتی ژمارە٢٣/٢٣٢٢ لە ١٩٩٧/٥/١ بڵاوکراوەتەوە

# منداڵ و گۆڕههڵکهن

١٩٩٧/١/١

شهکهتی چنگێ سێبهر
دهستهملانی تاریکییه.
ئهمشهو...
چاوی سهراب دهکوژێتهوه
ئهمشهو...
بێداری مۆمهکان سۆماییان دادێ
ئهمشهو...
ههرهوهزی گۆڕههڵکهنهکانه
لهناشتنی تهرمی چرکهی کۆتایی
ئای له ئهمشهو
گهیشتن بهسهرچاوهی ئاو،
فهنای ئهلبومی ئاسمانه
لهچاو

راچەنینیش...
شەهید کردنی سێبەری ترسە ئاکام.
بۆیە ئەمشەو
ئاسمان بۆتە سەکۆی منداڵە بێباوکەکان
بەبازنەیی دەستیان گرتووە
لەگەڵ بارینی بەفرێکی سپی
گۆرانی بۆ گۆڕهەڵکەنەکان دەڵێن
ئەوانیش...
پەیکەری منداڵێکی ژیکەلانەی بەفرین
دروست دەکەن و
چاو بەمۆمێکی تر
هەڵدەهێنن.

# سارای یاخیبوون*

١٩٩٧/١/١

دانسی یاخیبوون
پەنجەرەی شەختەخوانی ئەلبومە جوانەمەرگەکەم
دەسمێ؟؟؟
گڤڤەی ئەو بایە...
گلۆرەی سەرم دەڕێسێ؟؟؟
با چاوم باڵەکانی دەق بکا
دەنا...
شەو ئاوزینگ دەدا...
مانگیش شەهید دەبێ...
کە خۆر پرسەی مەعشوقەکەی بگرێ،
دەبێ دانسی شەختە بکەن
لە پەنجەرەی یاخیبوون
مۆرانە ئێسك و پروسکی ئەلبومەکانتان

دەکاتە تابلۆیەکی تەشکیلی؟؟؟
سارای یاخیبوونم لەی مرواریییە،
ئەکلیما لەتوخمێکە یاخی...
زەماوەندمانە هەستە،
خەنەبەندانت بەزەریای سووری
یاخیبوونم بکە
بە ئەبەدی...
چاوەکانم باڵەکانی،
دەفکردووە
شەنەبای دیواری شەو ناگرمە ئۆباڵ
مانگ تەژی ئاسمانەو،
قە تماغەی حەژمەت دەبێ.
خۆریش پرچی بەهاری ڤێر دەکاو
گۆرانی یاخیبوون بۆ مەعشوقەکەی دەچڕێ.

* ڕۆژنامەی هەرێم ژمارە ٨٨ لە ١٩٩٧/٢/١٣ بڵاوکراوەتەوە

# قوڵپی...تامەزرۆی...گوفەك*

١٩٩٧/١/٤

قوڵپە گەنیوەکانی رووبارە لۆچنەکە
مۆن مۆنن
لەکوێ دەستپێدەکا...کۆتاییدێ
جلەکانم بەبارانی هاوین
تەڕبوون
خۆری زستان گوریسی پەتەیەو
مووی سینگم کەللۆس
شەکەتی چنگی سێبەر
دەستەملانی تاریکییە
فیتەی گوفەکە دژۆنەکان
ئاسمانیان قانگدا...هەرگریا
عاردیش مێینەیەکی زگورتی
موتوربە بوو

با ساتمەی لێدەکرد...بەریهاوێشت
دڕك ددانی دەرکێشا
ژانی شکا
سەفەر خۆی دزییەوە
قوژبنی دیوەخان
من ئیجاد بووم

* لەهەفتەنامەی میدیا ژمارە ١٢ لە ١٩٩٧/٢/١ بڵاوکراوەتەوە

# ژووانی جاویدانی*

١٩٩٧/١/١٠

قەرەخەرمانی زریکە خپەکەم
عەساکەی [١]
بەردا گیانی گوناحە دیلەکانم
دوکەڵی سیغاری شەیتان
تەمی شیفای بەسەر کانی زامەکانمدا
دەبارێنێ
لەگەڵ خۆڵ مەودامان نییە
سەفەر ژوورێکی بێ ساپیتەیە
پێش پژانی لووتی رووبار
زەنگڵۆکەیەك دەستی لەملی سیوسیوەی
هیچ دەرگایەك نەکردبوو
رەنگەکان هەر سپی بوو
سواری کەوڵی گرواوی

ئەو بایە دەبم
چاوی خەونەکانم دەکەمە
مێزەری دار سنەوبەرەکان
ئەوەی گلێنەکانم بەسەر نەکاتەوە
نینۆکی مەراقی بۆ ناقرتێنم...
باراشی زامەکانم لێ ناکەم و
دەرگایان لەسەر کلۆم دەدەم
بەخوێنی بنقە تماغە ئاشنام
چاویش سورمە بکەن... فریو ناخۆم
گەرا تروکاوەکانی مەرگ
لەگەرمە بەفری بەرائەت
بە ئۆکسجینی سپیەکانم
بەخێو دەکەم
گوڵاوی مەزەندەی کفنێکی سپییان
بۆ دەکەمە شەو چەرە
با لە کانیاوی خوێنم تێر دەسەڵاتبن
گەورە بوونی هەردووکمان
چرکە ساتی ژووانی جاویدانییە

**رووح... خەندە**

**شیعر... ئەمەك**

**تەمەن... بێكۆتایی.**

(١) ئاماژەیە بۆ عەساكەی مووسا پێغەمبەر.

* پاشكۆی ئەدەب و هونەر، رۆژنامەی برییەتی ژمارە ٢٢٩٧/١٦ لە١٩٩٧/٣/٦ بڵاوكراوەتەوە

# هەورە سوتکەکانی چاو

١٩٩٧/٢/١

ئەو ئاقارەی
خەونەکانت سڕگوم دەکا
تابووتی باوەخوونی نزایە
گەردیلە بەهەڵمبووەکانی ئاو
بیردۆزەکانی مەرقەدی ڕۆح دەپێکن
هەناسە بڕکێی درەختەکان
سەری سووڕاویان نواڵەکانی هەتاو ناسڕنەوە
خاچ جوغزی پاکانەی ژانە هەوکردووەکانە
توانەوەی بووکە بەفرینە
بەماچە تامەزرۆکانی باران
شاباشی گۆشتە زوونی نەینۆکە تەڵخەکانە
سووتانی جەستەی هەور
دووپاتی فرمێسکاندنیەتی

پیاسە لەگەڵ هەورە سمت خڕەکان
بڕیاری کۆمارێکی دۆڕاوە
ڕەچەڵەکە ئاگرینەکەی گوناح
لە پە نجەرەی دۆزەخەوە لیکاویان بەسەردا دەرژێ
هەور دەرحەق بەڵێن پێمەڕە بڵاوە
گرێ سوتکەکانی...
بەحەیزەرانی ( با )
فرمێسکی خۆر دەژاکێنن
خوێندنی سوورەتی شەو و
فوو کردن لەئاگرە جەحیمییەکان
ڕۆحی زەیستانی هەور دەگرییێنن
دەسگرتنی ( با ) گرێدانی شەو بەرۆژە
ئاوێزانی ( با ) هەڵگری نامەی دەفژەنەکانە
بۆ ویژدانی پە نجەو
داره دڵ و
پێستە بێ ڕۆحەکان
ژاوەژاوی تونێڵە پزدان تەڕەکان و...
دۆشدامان لەگەڵ گاشە بەردەکان و...

نیگارە تەڵخەكانی باو بۆڕان
با لە قوژبنی هەرەسە كەم ئەزموونەكان
لاڵ بن
تەوازوونی سەراب و...
شیفای شیعرو...
خەونی بازنەیی
لەنوقانی چاوە خێل و خوارەكانی ئۆخخەی حەز
رام نابن
ئەو خونچەیەی ئیشارەتی پیاوەتی ( باران ) بكا
لەگوفەك و...
هەوێزو...
زەنەك...
رەگ و چوزەرە ناكا.

# کۆماری کۆترستان*

١٩٩٧/٢/٥

سەدای ( شمشیرە ) ی کردنەوەی
دەروازەی ئاسمانەکان،
بارینی بێخەوشی نواڵەکان،
ئەو خەرابانە دەهەژێنێ
هەور بێدەنگ... بێڕەنگ
بارگەیان نایە کۆڵ
( با ) بەخەوێکی موگناتیسی
لە ویزە ویز چۆتەوە
دەوەن کرڕو کەپ
کۆتر گمەگمی نزایەکی دەگمەن دەچڕن
ئەمشەو لەکۆماری کۆترستان
باوێشك و خەو لیسەکانیان بەجێدەهێڵن
ئاسمانەکان فەرش کراون

لەبارەگای ئەستێرەکان
زەماوەندە
( هاتن بۆ هەموانە )
باڵەکانت لێکدەو بچۆ
چیت ون کردووە بیبینەوە
وەرە ئەمشەو لەناخمدا داتگیرسێنم
لەمەرقەدی ئەو بارانە
سەری سمکۆڵ و هەڵماوی تاراوگەکان بتوێنەوە
ئەمشەو رووناکی خۆر سێبەرەکانیش راو دەکا
بۆ وەصڵی عیشقت جەستەم
تۆپەڵێ بەفرەو
ناخم کۆشێ ژیلەمۆ
دەتۆش نامەی عیشقم قبوڵ بکەو
لەکۆماری کۆترستان
گمەی نزام گیرا ببێ.

* پاشکۆی ئەدەب و هونەر، رۆژنامەی برایەتی ژمارە ٢٢٣٥/٢٦
لە١٩٩٧/٥/٢٢ بڵاوکراوەتەوە

# خورشتی نەفرەت*

١٩٩٧/٢/٩

نەفرەتی لیکاوە شێت و شوارەکەت
لەچاوە خۆر بردووەکانی دوێنێ
قەرز دەکەیتەوە
لەچرینی دوا کۆپلەی گۆرانییەکەت بووی
گینگڵی جوینەوەیت
لەسەری دەرژا
تەنافە سەرخۆشەکەی شعورت
دەهاڵاندە بەژنی ماسییەکان و
تەڕ نەدەبوو
قۆپچە شاسواری گڕناگەی بۆ...
کفن دەکردی و
لە هەڵمەدوکی هەناسە هەڵمییەکان
دەیناشت

سواری سووکترین پوشکە دەبی
لەگەڵ هەموو گڤە بایەکی سەرشێت
پیاسە دەکەی
لەسوچ و پەسیوەکان دەبیە ڕێگر
ژەنگە چە پەرێکی کافر
هێسکی بەڵێنە ساوایەکەت
دیو بەدەر دەکات
دەتەوێ بڕشێیتەوە بەسەر
تەنی ئەو پەیکەرەی
هەموو تەمەن هەر بەتەمای
تەقەڵی برینت شڵپەی دێ و
خەونەکانت شاش و واشن
لیکی دۆزەخێك نەفرەت
دە تخورێنن
هێشتا قاچاغچی تونێلەکان بەتۆ دەژین
وڕێنەی نووستن دەکەی....نانوی
ڕۆیشتن.....ناڕۆی
مردن....؟

لەئـادەمڕا سێو حەرامە
دە رووح بسپێرە
دەی.

* ڕۆژنـامەی دەنگی میللەت، ژمارە/٥ لە ١٩٩٧/٤/٢٢ بڵاوکراوەتەوە.

# شیتەڵی زەمەن*

١٩٩٧/٢/٨

ئاوڕشێنی ساباتی
بێشەی زەمەنت
زەبرو زەنگی پێشهاتەکانی هەور
لوولیان دەدا
حووتی یونسێك لەکوێ دێنی
هەڵیانلوشێ و بتداتەوە
ناشتنی هەنگاوە قورسەکانت لەلم
بە پەلەتر لەکات و
رشانەوە بەسەر قوژبنی تونێڵەکان
تابلۆیەکن بازنەی چاوەکانتیان تخووب داوە
ئەو هەنگاوانەی ماون بگەی
دەمێکە بەشیشی سنوورەوە
خاچکێش دەکرێن

هوزارەکانی ئاسمان لەشەو
بۆ دۆزی غەرییان چاوە چاو ناکەن
ئای کەسەرت میوەیەکی کاڵە
مەگەر منداڵان ماتانێی پێبکەن
رادەکەی و سێبەرەکەت لە پێشت...تا....
دەبێتە قوربانیت؟؟؟
بەسەر تەرمی قافڵەچی ئەو کاروانە رۆدەکەوی
بۆی دەگەڕای
لەگەڵ سڕینی ئەشکی هەناسە شڕەکانت
لێوەکانت بەتاسەوە
وشە تەتەڵە دەکەن و
کەی ی ی ی ی ؟
چۆن ن ن ن ن؟
لەکوێ ێ ێ ێ ێ؟
وەڵام....؟
لێوت دەکرۆژی و وەك مامۆستایەك....
زەمەن شیتەڵ دەکەیت.

| وانە | بابەت | ڕێکەوت |
| --- | --- | --- |
| ١ | کەی؟ | ؟/؟/چەرخی بیست و یەك |

دایکتان ئەو شۆڕە ژنەیە
لەنێوانی دوو گاشە بەرد
قامکەکانی فەنەری زەمەنە
نوێژی خۆر دەئاخنێتە
هەمێزە واژییەکانی
ڕۆڵە خەواڵووەکان
بۆ شەوارە باران
خوێ لەخەوی درەختەکان دەکات
خەوی تاتە بەردەکانیش بەکانیاوی مەمکەکانی
دەڕەوێنێتەوە
بەرووحی پاکی
مێزەری لوتکەکان کافوور دەدا
زا یمانی جاویدانی دەڕژێنێتە گیانی بەڕوو
چاوی هەڵۆ وەچەی دیدە سرکەکانی ئەون
شەقارە تامەزرۆکانی پێدەشتی دەکردە
دەسەسڕی هەورە گرینۆکەکان

لەچاوی چەم دەست لەسینەی مانگ دەگێڕێ و
تا لێوە ئاڵەکانی پووت دەبن
دەیا نمژێ
لەبەرەژانی، بوونتان
درەخت بوون بە جۆلانەو
-با- زۆر هێدی باوەشێنی دەکردن و
خۆریش مامان
تێگەیشتن؟؟؟!
وەڵام.....!

| وانەی | بابەت | ڕێکەوت |
| --- | --- | --- |
| ٢ | چۆن؟ | !/!/چەرخی بیست و یەك |

زەمین ژوورێکی هەراش و
ئاسمان ساپیتە
پووش و پەلاش....جێ و بالینگان
بە سییە چرەکانی دایك دەهەناسان
بەلیکی کرمە ئاوریشمییەکان دەخەملاڵن
بەهاڵاوی حەشاماتێك دوکەڵ
بەرد لەسێبەرتان دەتۆرا

سەرو ڕێشمەی ئەسپەکانتان
بسکە زێڕینەکەی دایك بوون
هەر ڕەوەزێ پەیکەری عەجایبێکی دونیای
لەبەفر دەگرت
بەخوێندنەوەی ئاوێستا بۆ کۆڵۆمبس
نوشتایەوە
ئاقاری ئێوە زێدی
بەیداخی جاویدانییە
ئێوە هەڵگری مۆمی ئازمایشتەکانن
نوچدەری یەکەم سێبەرن لەقەمتەرەکانتان
گومڕاکان لەتاریکی تیریان دەهاوێشت
تا شووشەی حەللاجەکانتان بشکێنن
بەحیلەی ئەسپەکانتان دەڕەوینەوە
کەخەنجەرتان بریقەی دا
چاوی جورجەکان کوژایەوە
ئێوە بارانتان لەخوا دەکڕی و
سەوزاییتان پێ دەفرۆشت
دەفتەری نامەکانتان بە ـ با ـ هەنارد

دەریاکانتان پێ سەرپۆش کرد
ئەوەندە رۆشن بوو...
ئەلەکتریکی چاوەکانتان
زانیتان چۆن؟؟؟!
وەڵام....!

| وانەی | بابەت | رێکەوت |
| --- | --- | --- |
| ٣ | لەکوێ؟ | !/!/چەرخی بیست و یەك |

لەو پەڕی پشتەوەی ئاقارەکانی گوناح
بەهۆنانەوەی تەلیسمی کەزی خۆر دەکاران
لەدرۆ رتوش کراوەکان هەڵنەدەزنان
بەچاوی خوماری
چیا مەمك خڕو، نهاڵە تەڕەکان
پێکتان هەڵدەدا
لەمووی تە پڵە سەری دیرۆك
قەیتانی سمێڵتان دادەنا
حەونی درشتتان ورد دەکردەوەو
وردەکانیش درشت
گوڵاوی تۆبەی هابیلتان دە پژاندە

سەر تابووتە کۆترینەکان
قێزتان لەچاوە سوتکەکانی تاوان دەکرد
خۆڵەمێشتان لەدەست و پە نجەی خۆتان هەڵدەسوو
لەسەمای وەرزەکان دەگەیشتن
بە پەڕەمووچەیەکی زیوین
خەونی تاوسەکانتان دەنووسییەوە
ئاگر لەرۆخەکانی دڵتان دەکوژایەوەو
بەخواردنەوەی بەفراوی، دەیگوت ئۆخەی
رووحە گەڕاوەکانی بوونتان
بەدرەخت دەناشت
سیمرخی گیانتان بۆ بار
رامدەکرد
دەهۆڵژەنانی ئاژاوەتان
لەمێینە دۆزەخییەکان مارە دەکرد
زێڕتان بەتیزاب جوێ دەکردەوە
چەرخە قوماربازەکانی ببوونە تەم
لەو دیوی دەلاقەکان
بەنواڵەکانی خۆر قاوتان دەدان

هاتن و
هەوەڵ بەردتان دانا
بیرتان هەڵکەندو
ئاوی پیرۆز هەڵقوڵی
زانیتان کەی و چۆن و
بۆ کوێ هاتن؟؟؟
وەڵام.....!

* * *

پاش کلۆم بوونی دەروازەکانی
ئومێدو ........
ناخە ئاوساوەکەت
چۆکت لەسینگت خەواندووەو
لەچرکەیەك
هەنسکی قووڵ و خەندەی ژاکاوی
سەدەیەك دۆژەن
گومڕایان دەکردی
ڕاچەنینێك
شەوینێکی بەرووحیانەتی خەونەکانت

پێکردی و
لووس لەبەرگی ئەو شەوە داکشای
پە نجەی پێیەکانت دابەشی شارە مێروستانەکان کرد
دەکەوتی....نەتدەزانی
دەوەستای....نەتدەزانی
راتدەکرد.....نەتدەزانی
ئەوێ
ئێرە
ئەولا
ئەملا
نەتدەزانی
تەسبیحاتت بە وشە دەکرد
چاوت بڕییووە ئەو رەشاییەی پێشت
گەیشتی و کاتێ سەنگرای؟؟؟
واتدەزانی بۆ یەکە مجارە شت دەبینی
خەریك بوو چاوەکانت گلۆر بنەوە لێت
هیند بەرز بووی سەرت سوڕا
خۆرت بینی چاوی هەڵێنا

لەگەڵ یەکەم بزەی
پەیامی بەتۆ سپارد
سروە هات
یەکەم هەناسەی بەتۆ بەخشی
هەور هات
یەکەم دڵۆپ بارانی تکاندە سەر لێوت
سەوزی هات
یەکەم فەرشی بۆ تۆ راخست
کڕنۆشت برد
بۆ ئەو گڵمتە خۆڵەی تێیدەڕوانی
لەو دیمەنە شاگەشکە بووی و
باڵت لێکداو فڕیت
نوقڵی پەیامت بەسەر هەمووان
دادەباراند
هێی خەڵکینە....
وەرن
هەتوانیٚ لە هەنسکەکانتان بسوون

*لەکتێبی وەسیەتەکانی هەڵم بڵاوکراوەتەوە.

# بارگە ئاوساوەكان

١٩٩٧/٢/٢٦

باوەخوونی چڵك و...
داغبوون بەمەزهەبەكانی نسكۆ!
غوسلی پاكیزەیی
سەفەرە رۆحییەكانن
سپی بە!
تا توێكڵ بەخۆتەوە ناهێڵی
بنهەنگڵت مۆڵگەی شەیتانییەتە!!!
كەوشەنە تەڕەكانی سەرت،
زێدی تەمەنیان تەمۆخ بوو.!!!
رووتە سەرمەدییەكان
ویژدانیان لەخۆرەو
جەستە لەنوور
راكە سووتای!!!

بەڵكو بنساوە سێبەرێك داڵدەت بدا
تۆو سێبەرەكەت
بەدیار تەرمی ئەستێرەوەن
تیمساح سەرچۆپی گریانتانە
سێبەرەكەشت دەكەنێ
لەولاش؟؟؟ یزدانی حەزی مەجازی دەلێسنەوە
سمە بۆقكردووەكانت غەزریون
تۆش مەگێرانی بەسۆتەك دەكەی
دێوانەو...خەرامان
نسێ و ...خۆر
لەئارانی بێچووە هزریش وێك ناكەون
كراسە مارانەت بۆ چركەیەك داكەنەو...
سپی بە؟؟؟....
تاتوێكڵ بەخۆتەوە ناهێڵی
بنهەنگڵت قوتا بخانەی شەیتانییەتە.

# سەما...یاسوڕی مەرگ؟! *

١٩٩٧/٣/١٥

لەشەمەندەفەری
سەفەرە ئەتڵەسییەکان
جەستە فیشەکدانی گوناح و
رووح خەڵووزی کورەی کاروان.
درزی ئاسمان؟؟!
نا....دەروازە!!!
دوکەڵە سپییەکەم گوێی ئاسمانی سمی
لەودیو چاوە ئاساییەکانی،
مردووی بەردەکان وا تەڵقین دەدا
سێڵاوی خەونە بازنەییەکان
ناخی سەرکێشی
بەلێوە تەریفەکانی...
رووبار دەشوشت

لەئەتونی فیردەوسە تاریکەکان
دەمامکی لەشەو دەکرێ؟!!
دوێنێم هەراج دەکەم و دەیفرۆشم
سەمای گوڵە گەنمە هاوینییەکان
سوری مەرگە؟
یا ئۆقرەی گەیشتن؟؟؟
من من نیم؟!!.
لەگەڵ خۆر دەچەمێمەوە،
ئەی رووناکی
کوا مەقامی تۆ هەڵدەگرێ....
پێوەرێکی کەچەڵی خامۆش
قۆندەرە گڵاوەکانم دوو گاردم بوون
رامکرد لێیان
ئێوە دەزانن....؟
سپارتاکۆسی پێخواسان
چ پێخواسێکی هەستیارە؟؟؟

* لە هەفتەنامەی پەیمان، دهۆک، ١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە.

# کەوتنێکی سوور*

١٩٩٧/٤/٣

ناسکترین ماچ
شەونمە شووشەییەکانن
لەشووشتنەوەی بەیداخە تۆزاوییەکان
هەنسکی دەریا
جوانکە فرمێسکی ئاسمانە....بۆ.....
گەیشتن بەناخی کەڤرە قەمبوورو بێدەنگەکان
هەمدیسی جێپێیەکان
چرکە چرکی میلەکانە
لەناو برینی کاتژمێر
گەوتنێکی سوور
چاو لەعیشقی پڕ واهیمە....بۆ....
ئەوپەڕی فامین
جەستە پەلکێش دەکات

ئۆخخەی!!!
کە هەموو قەوارەکان پڕن لەهەنگوینی سەرمەدی
دەنگەکان لەسکوونێکی ئاساییین
رووح لەباڵەکانی وەڕس نابێ
ئۆخخەی!!!
ئەی ئەودیوی تراویلکە سیحراوییەکان
ناحەقم نەبوو
کە تەمەنێکە گومڕا بم.

* لە هەفتەنامەی پەیمان، دهۆك، ١٩٩٧ بڵاوکراوەتەوە.

# ئەلبومی لم*

١٩٩٧/٤/٨

خۆڵەمێشی لانەوازی نەخشەکەت
پەڕاگەندە دەبێ
لەگەڵ گەورە بوونی بازنە ئاوییەکانی
گۆمە لێخنەکان
بە بەردەفڕکێی منداڵی بزێو!
دوکەڵی شارە مێروستانەکان
بەفووی شمشاڵێك
لەکەلێنی پەنجە
لە پرسەی دەریاچەی زەمەن
بۆ زەماوەندی ساتە شێتەکان
هەڵدەکشێن
چارۆگەی نوستووی کەشتییەکان
لەبەندەرێکی پەککەوتە

لەنیگاکانم غەزریون و
هەناسەکانی گەردوون
لەنوستنی بێهوودەیی
بۆ مەرگی زیندوو بوونەوە دەیا نجولێنێ
سڕینەوەی شوێنەواری ئەوسا
بەگالیسکەی بوون بەنەبوون
ئەلبومی لمە
چوارچێوەی تێڕوانینێکم پێیە
لەهیچ تابلۆیەك سنوور ناگرێ
باڵە تۆقیوەکانت بۆ جارێکیش بێ
لێکدە
ئاوابە
بەناو ئەو درزەی لەگیانتایە.

* پاشکۆی ئەدەب و هونەر، رۆژنامەی برایەتی ژمارە (٧٠)
لە٢٧/٣/١٩٩٨ بڵاوکراوەتەوە.

# تەرنیمەی قەڵەم

١٩٩٧/٥/٣

تەرنیمەی قەڵەم بۆ تەمی سەرت
لە گەیشتن بە کلاّفەی ئاڵۆزی
خانوەشڕی جاڵجاڵۆکە و گەردوون
چەکی ئاوەزە
پرسەی وجود و قاقای عەدەمە
بارینی بێخەوشی نوور.
لە رووحی ئازاد
پەرستگایە ئاران و ئەشکەوت
بە خواردنەوەی فرێك لە نوور
زەمەنت سڕییەوە
یاساکانت مل پێکەچ کرد
چاوگەکانت زادەی تینووی راستین
بۆیە بە تاسە و ئەمەکەوە
دەیخۆینەوە

# جواناوی پرسیارێکی ئەبەنووسی

لەرزینی سێبەری پایز
خۆڵەمێشی تەقینەوەی خەرەند
مەینەتنامەی ئوقیانووسی تاریکین
ئەدی جێگا
ئەدی کات
بەردەمۆرەیان ونکردووە
نوێژەکانیان بەتاڵە
خەون تارماییە لە دڕکودالْ ساتمە ناکات
تەلیسمەکانیش دەسمێ       تا
گەوزین لە خۆڵەمێشی هیچ
رامان لە سێبەری هەڵۆ و
جووتبوون لەگەڵ تاوس
ماچی هەرەت و
سوژدەگای بەردە ستوونی خەونەکان

مەلەکووتی قەدەر
دیواری دوورگەکان بە باران دەخوێننەوە
ئەدی کەوتنی دەنووکە قوڕی پەرەسێلکە و
شمشاڵی —با- بۆ
سەمای درەختەکان
ژەهراوی گوڵ
باڵە وەنەوشەییەکانی
پەروانەی کردۆتە باوەشێنی ئەندێشە
لە هاتنی ئەو بۆ نەمانی هیچ
کە باسکی نیگا دەبێتە گەردانەی هەوکی
یاسا رتووشکراوەکان
لەنگەری ئەستێرە دەتارێ
بەرماڵی دەریا گینگڵ دەدا
پاکیزەیی تەن و تێکسمڕانی گلۆرەی ئەندێشە
بەلێنی ناخە ترشەکانە
ئای کە زەنگوڵەی جواناوی دوێنێ تکا
سبەیش هی ئەورۆ

# ئۆقرەی قەدەر*

١٩٩٧/٦/١٠

ئەختەر چاوە شووشەییە زیتەکانی
لەخەو هەڵگەڕاونەتەوە،
سنگ و مەمکی دەریا رادەمووسن و
دەریاش خوماری مەنگی ئەستێرەیە.
دوێنێ ژەنگەو
ئەستێرە لەقوڵایی دڵی دەریا مەلە دەکات
مەرجان دەچنێ
بەتەنافی ئەو قەدەرە شیرینە
گەردانەی بووکێنی دەهۆنێتەوە
نەورەسەکان بەنووکی پە نجە
پیرۆزبایی و یادەوەری
ئەو ساتە دەنوسنەوە لەسەر....
لە زێڕینەکەی لێوار
ئەستێرەخان
سکاڵاتە لەهەوری رەش؟؟؟
بەری مەلەت لێدەگری؟؟؟

راڤەی عیشق مەزنترە؟؟؟
دەریا چڵکی هەورو رقی ئەستووری
لەناخی خۆی دەتوێنێتەوە
سنوورە میناوییەکانیش دەبڕێ
مەعلومە دەریا شێتە؟
بەسووتانی عیشقێکی ئەبەدی
شێتەکانیش هەموو زێدە جەرگمن
ئەتۆش شێتی ئەستێرە خان؟
ها... دەپێم بڵێ؟
بڵێ لەسووتان باکم نییەو
عەشقی دەریام
تا لەگەڵ کردنەوەی یەکەم پە نجەرە
لەئاسۆی پەنهان
بەیەکەوە
سواری پشتی یەکەم کەشتی ببین
برۆ..ۆ..ۆ..ین هەر برۆین
تا لەقەفەزی زێڕینی قەدەر
ئۆقرە دەگرین.

* رۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە (١٢٢) ١٩٩٧/٨/٢١ بڵاوکراوەتەوە.

# بۆ شارەکەم

١٩٩٧/٧/١٥

لەفیردەوسی پەپوولەکان ئاهەنگ بۆ لەدایك بوونی خەندە
بووکێنی دەپۆشێ
ئاگر چاوەکانی پڕ بوون لەخۆڵەمێش و دیواری کلّپەکانی
بەخۆیاندا دەڕشێنەوە
خدر جاویدی بەئاو بەخشی
پاکمان کەرەوە تا رەهایی رووحمان و شارەکەم
رەنگی تۆ دەگرێ.

# توقووس و خوێن

١٩٩٧/٧/١٢

هەڵمژینی بۆنی گوڵە گوناهییەکان
هۆش دەخنکێنێ لەزۆنکی واهیمەی حەقیقەت
ئیرۆس[١] ئێستا ژەمە خۆراکی کرمەکانی تاناتۆسە[٢]
لەفیردەوسی مەعبەدە ئەنگوستە چاوەکان
وەچەکانی کراسۆسیش[٣] هەروا کۆیلەیەتی فیکری ئێمە
لە پێوەند ئەڵقە رێژ دەکەن
لەبیرمان چوو ئاستەنگ بۆ خۆر دانان
زیز بوونی شە پۆڵە رووناکییەکانە
لەگەڵ سەمەندەر مەلەمان بەگڕ دەکرد
ئەو بووە ئەفسانەو ئێمەش هەر ماین
نووستووی سەدە ژەنگاوییەکان دەرس دەدەین
بەخۆشمان هیچ!!!
ئەفسوس کە قەت یاخی نابین!
شعور بەملکەچی بۆتە چارەی عەزرایەکی دۆڕاو

هەرەس و پەچەو....
شەوڕۆی باڵندەکان بۆ دەڤەرێکی نامۆ
زۆر خەونی سووریان کاڵ کردەوە
دوور دەڕوانین و نزیك دەکەوین
کە هێمای بەرزاییەکانمان بۆ شیناکرێتەوە
هەتاو شەونمی درەختەکان هەڵدەلوشێ و
لەزەفیرا ئارەق بەگیانی ئێمە دەڕشێتەوە
دەڵێی شارەکەم لەبەرد تاشراوە
زیاتر حەز لەسیمای مردووان دەکا
چنینی ماچ دوا قۆناغی گومڕا بوونە
ئێمەین سوڵتانی مەملەکەتی شەو
بۆ هاتنی خۆر کڕنۆش دەبەین و....
پەڕەکانی ئاوێستاش خۆڵ دەخۆن
سەفەر نەهامەتییە
گوڵ و رەگ، هەڵۆو شاخ
دەسنوێژی پیرۆزییان پێی دەشکێ
کەندەلانی زیلزالە، برینە سڕەکانی بەرجەستە نەبوون
سانسۆری زەردەواڵەیە بۆ شیلەی گوڵ
هەرچی هەورە لەو ئاقارە کۆڵەگەی دەشکێ

دەڵێی شارەکەم لەبەرد تاشراوە؟!؟!
گیانە پەپولەییەکانیشی نابارنەوە
ئای کە گەمژەم!
کوفرم کرد درووود بۆ تۆ ئەهریمەزدا
توقووست بۆ هەڵدەبەستین
لەهەموو بن دیوارێ کوچەو شەقامێ خوێن دەبەخشین
تا لەشە پۆڵەکانی ......ترس دەتگرێ
هیندە سەخین هەبوونی خۆمان بەنەبوونی تۆ دەگۆڕینەوە
دیسان درووود ئەهریمەزدا
ئێمە تاخۆمان نەناسین چۆن تۆ دەناسین؟!
شارەکەم بەبەردەوە خۆشدەوێ
شارەکەم بەدەردەوە هەر خۆشدەوێ
گوێم لێیە کۆلکە ڕێواسێك لەکەلێنی بەردان
گۆرانی بمرێ مەرگ دەچڕێ.

( ١ ) ئیرۆس : خوداوەندی عیشق و ئەڤین.

( ٢ ) تاناتۆس : خودای مەرگ.

( ٣ ) کراسۆس : ئادەمی فرۆش بوو و خاوەن سامان بوو، سەرکردەی ئەو لەشکرە بوو کە ( پورە العبید ) کوژاندەوە.

# ژووانی تەوقە*

١٩٩٧/٨/١٠

بۆسۆی گریانە لەحەلقەی زیکری ئەستێرە کزەکان
شەو بەدیار ئێمەی سیاە بین
رۆژ بۆ تەرمی خەونە خۆربردووەکانی خۆیان
بەمەزەندەی ( با ).
ئایەتەکان ناخوێنمەوە
چراکانیان گڕ دەگرن و
لەگیانی بەرزە فڕی چرۆ ئازاد یخوێنەکان
ئاوێزانی فەنا دەبن
هۆگری چاوی ئەو حەرفەم
لەخاڵی یەکەم بۆ خاڵی یەکەم هەنگاوەکانم دەژمێرێ
حوجرەکانی دەنگیش
لەخەونی پرتەقاڵی هەڵکشاون
عیشقی خۆر
بۆ شەوە ناخ ئەبەنوسییەکان دەگێڕنەوە

دەهەستن
خەون لەحزوری نیلۆڤەری نواڵەکان بەتاڵن
گڤەی ئەو ( با )یە شەڕاگێزە وڕێنەکانی وا دەرژێتە
پێخەفی خۆڵەمێش
وەرزی پێنجەم لەدایك دەبێ و
هاودژەکان تەوقە دەکەن
شتە عەبووسەکانیش شەرابی میهرەبانی دەنۆشن
پرسەی دوێنێی شەهید بەتاڵ دەبێ و
ریشی ماتەمیشی پێ دەتاشین
پێوەرەکان رادەکشێن و...
چاوەکانیان باڵ لێکدەنێن
گەر بەقووڵی لەشەقارە برینەکانی خاك رامێنین
چیتر پیاسەی عەفو و خیانەت ناخۆینەوە
بەڵێنە قژ کورتەکانیش لۆچ لەنێوچاوا نمان
شەقڵ ناکا
ئێوارە درەنگانە هەتا کوکوختی نەڕژاون
تەرمی ئەو تیشکە تەڵخە بشارنەوە
تەسلیم بەهەناسە هەنسکییەکانی زەمەنی بکەنەوە
ئەوەتە تەنافێکم بە مووە سپیەکانی ریش هۆنیوەتەوە

سەرێکی بەمناڵیم و سەرێکیم بیرەوە گرێداوە
ئارەقەی پەژیوانییەکانی خود ناسینی لەسەر دەچۆڕێنم
پە نجەی خەونێك بەر پە نجەرەی خەوی لێگرتووم
تاڵ تاڵ موتوربەی ژێیە گرینۆکەکانی دڵم دەبێ
خۆ کەوشەکانیشم جوینەوە ناخیان دەخوا
بەڵام بە ئومێدی چنینی ماچە چێنراوەکان
لەرێی مان و نەمان
رێبواری مانەوەن
ئەی ئاو تەمەنی تۆ یا زەمەن
ئەی ئاو زەمەنی تۆ یا تەمەن
کامیان تارای کامیانی هەڵدایەوە
کامیان کیشوەری ماچی کامیانی دۆزییەوە
ئەو درەختەی لەسێدارەی قەڵەمە دیلەکەی من
چاوی گەڵاکانی....
فرمێسکیان تەرمەکەی دەشوشت
بالای گەڵاکانی....
بالێی حوزنیان دەورووژاند
دەستەکانیشی....
لەدەرگای ئاسمانی دەدا............... ئە مجارەیان

سێوی بەئادەمی بوونی منی لەسەر خوانێك
بەبارەگای خوداوەند دەسپێرێ و
تا تەسلیم بە بەهەشتی رووحیانەتەکانی بکەنەوە
لەو دیو وڕێنە سەرشێتەکانی شعوور
مەلەی هەناسەمە
پەڕەمووچەکان خۆیان بە پەراسوومەوە هەڵواسیوە
ئەوان لەمێژە خوانیان بۆ تێرکردنی تامەزرۆیی
لەنگەری هەستمان ساز داوە
ئاوێنە رووتەکان شایەتی ئەو ماچە دۆزەخییانەن
کە خە نجەرە بێنوێژەکان
دەیانبەخشییە میهرەبانی پەڕەسێلکە
سنگی دەکردنە ئاقارێك وەکو ئێرە
تۆش هەورە سکپڕەکە هاوار و سووتانت
لەترسی کەچەڵ بوونی عەزراییتە
یا پەلەتە بۆشوشتنەوەی جێپێیەکانی من
تەڕ بگری
تەڕ بگری تاوێرەکان کۆشیان گرتۆتەوە
موددەتێکە سمفۆنیای ئاویان نەبیستووە
پێدەشتێکە هزری رەنگاوڕەنگی تیادا رواوە

وەڵامێکە بە قەد هەتاو
قە تماغەی پرسیاری داوە
دۆژەنێکە بەرائەتی دیرۆك شەرمەزارە
کراسی لەعنەتیش سرپۆشی ناکا
هەموو ئەو لێوانەی لەژەهری خەندە پێك هەڵدەدەن
لێم حاڵی نین
زمانێکی ترمان دەوێ بۆ دوان
لەزمانی چۆلەکە خۆشتر
پێیێکی ترمان دەوێ بۆ ژووان
لە پێی مناڵێك سپیتر
چاوێکی ترمان دەوێ بۆ بینین
لەچاوی چەمێك شۆراوەتر
دەستێکی ترمان دەوێ بۆ تەوقە
لەدەستی ئەمەك ناسکتر.

* تێبینی :- لەمیهرەجانی شیعری لەشەقلاوە ١٩٩٧/٨/١٥ خوێندرایەوە.
لەفیستیڤاڵی شیعری بنکەی رۆشنبیری و هونەری کلدانی لەدهۆك ١٩٩٧/٨/٢٣ خوێندرایەوە
لەرۆژنامەی هەرێمی کوردستان، ژمارە ١٤٨ لەرۆژی پێنج شەممە ١٩٩٨/٢/١٩ بلاوکراوەتەوە.

# سەفەر و ماچی گەڵاکان*

٢٥/٨/تا

١٩٩٧/٩/١٢

سەفەر لە پە نجەکانی پێمەوە
دۆسیەی هەموو تووڵە رێگاکانیان لەلۆچی ئەوێڵێکی ساردو سڕ
ئاخنی و
هاتین
فریشتە بیلبیلەی جوانییەکانیان
لەتابلۆیەکی مۆنالیزایی لەشیعر شیعرتر دەکرد
ئەفسوس بۆ شیعر لەم کۆمارە ئەفلاتوونییە ناگوزەرێ
بەهەنیەی مۆرکراوەوە لەبزماری خاچێك دەپارێتەوە
خاچێکی بێتاوانی لەخوێن خنکاو
بەگۆبەندی درۆزنی مەلەکەی شیعر
(وەك ئەم کچەی شاڵە سوربووەکەی ئاڵای سەرفرازی دەڕقساند
لەباڵە بزمار کراوەکانی

گریان نمایشی خەندە دەکات بە
تەئەممولی رووتبوونەوەی حەقیقەت
لە وێنەی جەستە عارییەکەی سەر تەلاری خاچ راکشاو )*
هاتین و ئەم تابلۆیە سەری شیعری دانەواندین بۆ نەوازش
هاتین و لەمیحرابی جوانی خودای شیعر دەروێشێکی مەجزوبە
هاتین و تۆو رووح و جەستەو ئیبلیسی زەمەن
هاتین و هەموو هاتنێك ئیحای دابڕانێك هەڵدەگرێ
بەرخودانی ئێمەو پاسارییە گوناحەکان
رەوینەوەی چە پڵەیەکن
ئەستێرەکانیش دەبێ بزانن دڕینی پەردەی شەو بەو بزمارۆکانە
ناخە شیعرییەکەی ناپژێنێ
ئەی فریشتە
ئەوە خوێن و گڕی سووتان
ئەوە دواهەناسەو چڕینی شالووری
مەسەنگرێوە
شوێن و سەردەم
میلی کاتیان
رۆژ ژمێریان

هەر خوێنە خوێن
دەبیخۆوە بەبێ خەتاو بەحەلاڵی
بەدیار گڕی سووتانمەوە
گۆرانی لەدایکبوونی عیشقێکی بێ پەڵە
بەناو ئاقاری وەهم هەڵدە
مەسەنگرێوە
ئێرە کازیوەشی هەر رەشپۆشە
کەس گۆرانیت سەرنابڕێ
ئەمە خوێن و گڕی سووتی ( الأنا ) یەکن لەخود یاخی
لەتۆوە فێری فڕین بووە
نۆرەی غوسلی ترازانی لە ( أنا ) ی من
بۆ مەعبەدی پێڵوەکانت گرتووە
سەفەرە و جەستە خانەخوێی کۆڤانە
سەفەرە و رۆح تەرمی یادەکان دەنێژێ
لەگەڵ پەپوولە دیوانێکی تری شیعر دەنووسنەوە
جەستە ئەی فیشەکدانی گوناح
گوناحیش بەو بەهەشتەت رازی نین و
پاکبوونەوەی سووتان دەژنەون

من گوناحەکانم هی باوکمن و خۆشم دەوێن
ئەو رۆژەی من و گوناح لەعیشق و گڕ مەلە دەکەین
من دەبمە خۆڵەمێش و بۆشاییەکی کەمتر دەگرم
ئەوانیش لە نۆژەن تارای پاکیزەیی دەپۆشن
جوانی کلاوریژنەیەك بوو ..سەفەر
هاتن و ونبوونیترووکانێك بوو
جەخار بۆ شەهید بوونی دوا هەنگاوەکانی گەڕانەوە
رەهەندی توانەوەیە سەفەر لەشەوە یەڵدا زەوەندەکانی
لە پرسیارە بێ وەڵامەکان سەرخۆش
بەمردنی هەنگاوەکانی ...........بەرماڵی سێبەر
فیکەی درەختەکانم بیر دەباتەوە
تا پەنجەرەکەم کرابێتەوە
چۆلەکە سەرەتاتکێ بکەن
باران شووشە داخراوەکانی تری بشواتەوە
تۆش گەورەتر و سەرابیتر وەحی بۆ پەیکی گلێنەکانم
دەنێری
مەرگی سێبەر سپیبوونەوەی رووحیەتی
هاسان ئاوێتەی خەونی درەختەکانی پایزان دەبن

درەختێکم ڕەنگی خەمەکانی زەمین
لق و پۆپی ئاوەزمن
چاوی پێیەکانم لەتاریکی دەست دەکوتن بۆ گۆڵێك ئاو
خەونە چکۆلانەکەم
بەسە فڕین
مژینی گۆی مەمکی ئاسمان ڕامووسانێکی مزرە
مەحاقی تۆ هەموو ڕۆژێ لەمنارە بەرزەکانەوە نەفرەتی
لێ دەکرێ
ئای لە لەعنەتی بوون و حەرامکردنی هەناسە
هەڵمێکی کەئیب و سەرەڕۆم
غەریبستانێك داڵدەم نادات
سەفەر نەمامی قاچەکانمن و چووزەرەی گوڵی ڕەنگاڵەییان
لەسەرم دەرکردووە
ئێرە ئەتکی رووحە سپیەکەی سێبەرە
ئێرە ئەتکی باڵندەی ئەندێشە ئازادەکانی باڵندەی قەفەزە
ئێرە ئەتکی کەفوکوڵی هەنسکە بێنازەکانی دەریایە
لێرە پژمینێك کافیە بۆ بە مس بوونی ژیان
لێرە مونتەهای کەماڵ بەدواداچوونی سۆراغی هابیلە

ئەوە سەفەرە یا سەربڕینی ئاو
ئەوە بەخشندەیی دایکە دەچۆڕێ
یا ئاونگی بەیانە لەترسی بەڵێنی خۆر
سەفەرە سەفەر
سەفەرە و هەموو گەڵاکانی ئەو دارە ماچ دەکا
کە تارماییەکانیان هێڵی وەهم لەسێبەری ئاتەشینی ئاگر
دەست لەمل یەکتر دەکەن و دادەبڕێن.

*ناو کەوانەکە تابلۆیەکە
* لەگۆڤاری کاروان ژمارە ١١٧ لەمانگی شوباتی ١٩٩٨
بڵاوکراوەتەوە.

# بەشی دووەمی
# سەفەر و ماچی گەڵاکان

هەڵم و باران دووپاتی لەخود گەڕانێکە
لەناو لەپیا هەر ڕەنگە مەئلووفەکانی پەلکە زێڕینە
دەخوێنێتەوە
جۆگەکان چاوی پێدەڕێژن و
ئەویش هۆرەیەکی غەریب بۆ حەزێکی نامۆ
دەم دەنێتە بینیەوە
شۆڕ دەبمەوە بۆ قووڵایی
بۆ ناخی خۆم
بۆ ناخی خۆڵ
بۆ ناخی تۆ
بۆ تاریکی
لەخوێندنەوەی یاداشتەکانی هادیس
ئەتۆم بینی

بەرز نەبووی

نزم نەبووم

تۆ لەناخمدا نووسرای و

منیش ناسنامەکەم وەراندە پایزێکی قاتی

دایە.....

چەند حەز دەکەم دیققەتم لەکەوشەکانت بدابا

ئێستە لەرەوگەیان ماچم دەچنی

بەئارامی هەوار هەوار

شوێن ماچەکانیانم دەکردە هەوار و

رەهاییم دەکردە پێخەف

دایە.....

سڵاو لەخونچەییم

بیرتە من چ پاداشتێك بووم

بەمنەوە دۆزەخت لێببووە فیردەوس

حەیف دایە حەیف

خەونە دڵۆپە بارانییەکان زۆر درێژترن

لەتەماشاکانی ئاسمان بۆ زەوی

کەچی

هەر ماچێکی بەرەژانی فەریکە سێوێکە
درەختەکان لەژێر سەرە نێزەکانی باران
دەبنە مەیموون و
بەلاسایی کردنەوەی سروشت
دەبنە سەر دەفتەر
باخچەکانیش لە وڕێنەی تەسبێحاتی ئەستێرە بریقەدارەکانی
شەوی باخەوان
لە پرسەدا مەحکوم نین
دایە.....
قوژبنی سێبەرێك لەو سێبەرانەی بەگومان بووین
لەتوانای پیتاندنی سێبەرەکا نمان
جوانترین گوناحی لەمینامان شەقڵ کردووە
هەڵمەتی دروێنەی قەرسیل و
هەڵوەشاندنەوەی رۆژ ژمێرەکا نمانە
بڵێی ژانەکانت نەمناسنەوە
ئەها درەختەکانیش وا ئەنگوستیان دادەگیرسێنن
بۆ خوێندنەوەی سەربردەی سێیەکانی نەهەنگ
ئەو سێیانەی دوای طقوس رەشداگەڕان

**کێ نوێژ بۆ بەخشندەیی بەفر نەکا**

**لە پرسەی هەڵم دەبێ بۆ تیشك بگری**

**بێناز بوونی تەرمە ڕەباسبووەکان سیفەتی دەریایە و**

**پرسەکانیان دەخاتە ئەستۆی کەنار**

**ئاسوودەیی بۆ گیانی بڵقە کوژاوەکان**

**تا چیتر هەناسە سوار نەبێ و**

**ماسییەکانیش تێر ئاو بخۆنەوە**

**ئەو ماسییانەی لەئۆقیانوسی بوونم**

**نیو هێندەی بەردەکانی دەمخستنە سەر ڕێگە بوون**

**شووشتنی چاوە نووقاوەکانی شەو**

**بەتاسەی نواڵە هەمیشە عاشقەکان**

**صەفید کردنی گومانە بەموطڵەقییەتی یەقین**

**بای دێ**

**لەکوێ دێ**

**بۆ کوێ دەچێ**

**هەرگیز گەڵایەکی ئەم کاروانە نەگەڕایەوە**

**گەڵا ژیانە گەڵا ژیان**

**کاتێ سێبەر تەرمی هەتاو لەکۆڵ دەنێ**

چاو رادەبن

چاو رادەبن

رەش وسپی گوریسێکە رەشبەڵەك

چەپ و راستیان لەئاوێنە دەناسنەوە

سەفەرە بەسواری گرێکی دەستەمۆ

کلٚپەکانی یەکتری دەخۆنەوە

ئەو لەخۆشی پۆشینی قەداسەتی خواوەندەکان

زێتر دەگری

ئارایشت بوو

بۆ طقوسی مەعبەدەکان

تەهلیلەی ئەو ئەمڕۆ

دانەوەی قەرزە

سەفەری سەدە پە پولەییەکانە

ئەو سەدانەی نوقمی گەمژەیی بینین بوون

تا موناجات دەبەنە بەر ئیدراك و

چاوی سەریان لێ دەڕسکێ.

بۆ پرسیار لەدوو دڵی و

لەبەد مەستی

مەحاڵە........
ڕێبواری پەڕینەوەین
سەفەر دەنوێ و
کەزی ژیان بەئەبەدی
دەشنێتەوە.

تێبینی: لە ١٩٩٧/٩/١٥ دەست پێکرا لە١٩٩٨/٣/١ تەواو بوو.

# ڕەشاتی و کەڤاڵی ڕەنگەکان

کاروانی ئازمایشتەکان هەناسەیەکن لەڕەشاتی
کراسەکانیان لەکراسی یوسف بەخوێنترە
لەگەڵ چرنوکی داماڵین
سەری بڕاوی چەقۆیەکن بەهەسانی ئارامتر لەبێهودەیی
کامەرانی هەنسکەکانی پاش قرتاندنی گوڵێکن
لەملی ڕەشاتی دەبێتە کەڤاڵی ڕەنگەکان
لەگەرووی کێوەکانا وەلام قاقایەکی قێزاوییە
لەدەفری دوێنێی ڕشانەوە
ڕەشاتی
کۆ دەنگی هەموو ڕەنگ
کۆ مەرگی هەموو ڕەنگ
تێکچڕژانی دوو شمشیری هەردوو خودم
لە هێمنیت ختووکەنەو
تۆش ئارامتر ئارایشتی رووحە قەترانییەکەت بدە
پارچە کاڵبووەوەکانت لەسارای مەزەندەم خولدەخۆن و

دەتاسێم
ئەو ژێیانەی خۆیان ئالاندۆتە پەیژەکانی چرکەو
بەسەر پە نجە تەزیوەکانی مندا باز دەدەن شتێك دەچڕن
لێی حاڵی نیم
ئەو تیشکانەی لەدەرگەی چاوەکانم لێم دێنە ژوور
هەر رەنگێك بن
نامۆن بەمن
من لە ئاهەنگی ئەو مەزهەرییانەی نازی باغ و سەما لاشعورییەکانی
گوڵ هەڵدەگرن
تێناگەم
کاتی گلۆپە ئیفلیجە تاك و تووکەکان
چاوشارکێ لەگەڵ منداڵە زیندە خەوتووەکان دەکەن
رەشاتی شار دەبێتە سەمایەکی حەزین و
یاساوڵەکانی شەو فیکەی ئافەرینی بۆ دەنێرن
نەزاهەتی تۆ هەموو شەوێ خدرێك دەداتە ناوبژیوانی
ئالۆزی جەنگەڵستان.....
پاژنە شەق شەقە غەزریوەکانی
ئیمپراتۆری گەردەلوول

چەترێکی تەمەنێك لەکودەتاکانی گەرمی دەخۆیتەوە
لە سەفیلی رەنگەکان
صۆفییەکی نورانیت و ژەهر دەنۆشی
ئەو رۆژەی زەمەن بوورایەوە
رێبوارێك بوویت کەرویشکەت دەکرد بەسەر تەنە ماندووەکانی
باخچە سپێدەییەکانی سبەی
قامکت پڕ بوون لەکۆڵە حەزی ئەو فریشتانەی نیازیان
کۆکردنەوەی شە پۆڵەکانی ئاسمان و
پەلە قاژەی ترسی خنکانی زەمین بوو
لەدەسپێکی چرکە زەنگەکانی زەمەن
میوانەکانت بەمشتێ خوێن و تەرمێ گەنیو خۆیان ناساند
نەتدەزانی
بەختیاری برووسکەی هەناسەیەکە
لەترۆپکی گومانا
سرەوتن پە پوولەیەکە باڵەکانی بێهودەن
لەجوولانا
کەنار لێویکی تەریفەیە
لەتێر نەبوونی ماچەکانی دەریا
زنجیر دوا تکای بێئومێدییە

لەواژەی گوناه

گفتوگۆ سکاڵای هەموو جەستەیە

تەنها زمان

لاساری کازیوە....باوەشێنی بەدیار پیربوونی خەمەکانی تۆ

تەیەمومی ئابڕوو هێنانەوەیە بۆ نکووڵی سەخاوەتت

ئەمانەو.......

دەپرسین بۆ

تۆش پەنجە ناسکەکانی ـ با ـ

شکۆفەی ئەم ڕەنگەو

خۆڵەمێشی من پێش وەڵام و پێش باران

کاتژمێرە شەهیدەکان دەهۆننەوە

سبەی بارانە......باران

ئاگادار بە مەرگ سیحرێکە

ئێمە ئایەتەکانی بەتاڵبوونەوەی

نازانین

تەنها باران لەبالۆرەیەکی هێدی هێمن

شتێك دەچرپێنێ و تەواو

هەڵگلۆفینی نوورەکان و تەکانی لەبێئامانی سەفەرێکی مشت

هەڵقرچاو

زرڕەی فنجانە تینووەکانی دوای سەرخۆشین
ئەلبوومی مەرقەدەکان جاویدنامەی شێتی کازیوەیەکی
فریو دراوی خۆرن
رووبارێك گەزەنگ قوفلی شلوێ بوونیان ناکاتەوە
دەریایەك میهرەبانی چۆڕێ شەویان لێناکرێ
تۆ لەحەشری هەناسە بورکانییەکانی زەلیلیم
ئەو پەرییە بووی باوەشێنی رووحت کردم
لە کەژاوەی مەراسیمی دەربازبوونم
لە شوورەی باخچەکان و
باڵەفڕی هەنگاوەکانم مانشێتێك بووم لە پەڕەی جەرگی تۆدا
نووسرام
تەنها زەمەن ئەو پیرەمێردەیە ریشی رەشی ئەمڕۆی لەدوێنێ
رەشتر
ئەوەش ئێمەو
پاش سواغ دانی دەرگاکان و
کوژانەوەی ئاوێنەکان لەمۆڕی تەماشاکانمان
بەخشندەییت نەفرەت دەکەین.

لەبەرواری ١٩٩٧/١١/٢٥ دەستی پێکرا، لە١٩٩٨/٥/١٢ تەواو بوو.

# ساباتی دادگا

ئاسمانی ماڵەکەمان ئێواران کە ئەستێرە هەڵۆری لۆری بۆ
منداڵەکان دەڵێن
خەونی شەکرۆکەیی دەبارێنێ و
ئەوانیش لەخانی چۆلەی خەوا
مەوداکانی درۆ و راستی بە پایسکلێکی سێتایەیی دەبڕن و
قاقاکانیان سەوڵ دەدات لەهەنگوینی خلیسکان
فریشتە بارانییەکان بەو نمە زەنگیانەییانە ختووکەم دەدەن
بڵێی زیندوو ببمەوە
من لەهەرێمی عیشقا خۆرێك بووم
پاش خەفە بوونی چرای رووحەکان و
پۆشینی چارشێوی تاریکی
هەلاتم
جەستەکان زاوزێی جمکە بەردیان دەکرد
لەمەنفەزێك بۆ تیشك و سووتان

پە نجەرەی نیگایەکیان نەکردەوە
رووخان ماڵی تازەی خەونەکانمەو
دەستی لەئەژنۆم پەتوی زستان
چ زەنگێکن ئەختەرانی شەوگاری رووم
چ عەیارن چاوە شووشەییەکانی گوڵ
چ ملکەچن کڕنووشی سێبەرەکان لەبەرپێیان
لەهەموو بەبووك بردنێکی خۆر
ئاوا بوونێ لەرووحم بەدی دەکەم
دەبا شعور پاکەتێکی جگەرەی دوای تەواو بوون بوایە
لەمەنفایەك خۆم لەزاتم دزیوەتەوە
تخووبەکانی درنج و تارماییەن
باش بوو سێ بەردەم نایە دەست گیرفانەکانم
شەرگە گەرمەسێرەکانم بەخەوتوویی بینی
پێگە کریستاڵییەکانیش بەتە پڵی سەرکەوتن
گوێم لێبوو
مارشاڵە دەست بەخوێنە دەم سۆزانییەکەش دەیفەرموو
بچنە لای پیرەژنە فاڵچییەکە داخوا بەیانی چیدەبێ
ئای باوکە نهێنی شەنەبا کراوەکان

عەیامێکە دەمامك لەدوێنێتان دەدەن
تاجە گوڵ بۆ سەر مەزاری دەبەن
نەبادا دادگایی ئێمە حەکیمانە بێت
ببوورن
ببوورن تاوانی ئەسرینە شەونمێکی سەر ڕوومەتی چرۆیەك
لەهی ئێمە مەزنترەو
سەیوانی ئاسمانێك
لەلێبوردەیی ئێمەبچوکترە
بەڵام پۆزش
ئێمە چیتر پاکنووسی ڕەشنووسەکانی ئێوە نین
نەستەکانمان ڕێبوارێکی تەوێڵ تەڕو دەمارگرژن
مەتارەیێ ئاوی زنە ڕەحیمەکانەو
سیمایان
ڕووتەڵە دارگوێزێکی بزە کرۆژراوەو
مەرامیان
بەدەسگیرانی کردنی پشوویەکە لەئارامی و
خامۆشکردنی ئاگری ئەشقیاکان
ژیکەڵەن ئەو وەرزانەی بەتوانەوەی مۆمی ئیمپراتۆرییەتیان

پێدەکەنن و
لەتەتویجا بۆ شاوەرزی بەر لەساتێ
پرسەدارن
بورهانی
دڵۆپ دڵۆپ حەزە گوشراوەکانین
نەفرەتی
هەموو شەوە شەهوانیەکانی باوك و
گرە هەناسە گرەکانی دایکمانین
ئێمە نەسلی چەند چرکەیەکی دزراوی بێمۆڵەتین
چەند گوناح و بەستەزمانین.

لە١٣/٦/١٩٩٨ دەستی پێکرا، لە١٢/٩/١٩٩٨ تەواو بوو.

# باوەشی گەرمی ئاو

تەماشا لاڵە کپ و نامۆکانی بەفر لەسەر زەوی و
سەمفۆنیا تەڕو پرچە شەکەتەکانی -با-و
شەونوێژی دەوەنە سامناك و چڕو پڕەکانی بێدەنگی
دەراوێکن لەو پیاسە گرینۆکانەی پڕ لەهەنگاوی منداڵی
کەشەپیوورەکانی هانا لەسەر قەبرە زیندووە سرووشبەخشەکان
فوو دەدەن
وەرن....
جوانەمەرگی ئەو تابلۆ بەهەڵەداوانەی بوڵێڵ و
ئەو سەمەندەرانەی هێشتا پەردەی یەکەمیان لە شانۆکە
نەبینیبوو کڕوزان و
ئەو پەڕاموچانەی کرابوونە باوەشێن بەدەستی ژنە خەپەکانی
نێو
کەشتییە ماجەللانییەکان و
چرۆ فرمێسکەکانی حەجامەتی پارانەوە

تێکەڵ بەکەفچرە رووح سپییە ماچاوییەکانی دەریا کەین
سەیرە
چەترەکان بە رەهێڵە باریونەتە نێو لە پتان و
بارانیش غەریبی ئێرەی دەکرد
دژوونن ئێوە دژوون
ئێرەییم بە کەسێ دەستی بەخوێنی لە داردانی ئاوێنەیەك نییەو
بەکەسێ لەسەر بەرۆکی شەوەکانا
خوێنی کچێنی پە نجەرەکانی نەڕشتووە
بەنەفرەت بن
لەکەشتی دابەزیم و قیبلەنامەکەیان لێدزیم
خەو بردمیەوەو کە هەستام
تێشووەکەم بەشانی فیردەوسییەوە بوو
نەژادی خەمەکانم فرمێسکیان دەباراندە سەر
دارە کۆکراوەکەو
هەفتەیەکیش بەدیار "یا نار کوني برداً وسلاماً"
هەڵکورمام
لەوێ زانیم گەر سوراحییەکان پڕ دەبن لەئاو
بای هەوەس رادەماڵرێ

زووکەن
تەماشا لاڵە کپ و نامۆکانی بەفر لەسەر زەوی و
سەمفۆنیا تەڕ و پرچە شەکەتەکانی –با- و
شەونوێژی دەوەنە سامناك و چڕو پڕەکانی بێدەنگی
بخۆن بخۆنەوە لەبەرکەن
رەنگە مانگ شەوێ چارۆگەی را بخاو
فریشتەی تریفەکانی غوسلتان پێ بکات
ئەی ئەوە نییە
ئەستێرەکان بەسەر شوێنی تەمەنتان دادەڕژێن و
تەماشا دزەکانتان لەنێو حەشامەت
منداڵە سواڵکەرێکن و قە پی تامەزرۆیی لەهەمووان دەگرن
ئەفسوس کە تارماییین و لەگەڵ تەمتومان میعراج دەبەستن
ئەو گوڵانە ئاو مەدەن نایلۆن گەورە نابێ
سەنعانی و زنناری سەفا نایانکاتە نیلۆڤەر
هەر هەورە و قا پووتی تەڕە لە وشکی دەمانپارێزێ
دەمانکاتە سەرگوزەشتە و بۆ جەنگەڵ دەمانگێڕێتەوە
لەمەجلیسی درەختەکانا ساقی دەبین
لەیەئسی نزاکا نمان پوولەکەکانی کۆڵوانەی ئاسمان هەڵوەرین

لەحەییەتا چوونە کڕنۆش و
تەبای نەمامەکان
لەسێبەر رادەمان
لەو دیوی درزی نیگای مەرجانی
بەسەر تەلاری لاڵبوونەوە دادەرژان
لە ئەوجی روو سووری پە پوولە
بەرائەتی ئاگر
بەسەر تەرمی خۆڵەمێش دوا خەندەی دەکوژێتەوە
زەمین بەمن ئاوس بوو و
بەچڵە زەیتوونەکانەوە زا
تابلۆیەکم لەبەفر و لەباوەشی گەرمی ئاو
سەرخەوێك دەشکێنم
چاوە بەندۆلییەکان گاردی رووحمن
نەبادا پۆشاکی لەبەر داکەنێ
بەفر لەتاو گەرمی قاچە پەمۆییەکانی هەڵدەکێشێتەوە
ئێمەش قاچەکا نمان زیاتر بینی زەمین تەنگ دەکەن
من ئەو موژدەیەم کە مامانەکەم دای بە دایکم
کوڕێکت بوو

دایکیشم وەك جەنگاوەرێکی بریندار
ژانەکانی قوربانی زەردەخەنەیەك کرد
لەوێوە داوەدەزووی نیگاکانم لەو حەشاماتە سەردەبڕێن و
لە تەنهایی شەویش دەدرێنە سنگی خەوو
وەك کۆللارەیەك بەهەوادا دەفڕن
ئاخر چاوەکان گۆشدراوی خوێن و
دەمەکان فرچکدراوی مەمك و
دەستەکان گیرۆدەی دەسرازەو
پێیەکان خلیسکاوی نەدامەت
چی حەڵاڵەو چی حەرام
ترس
ترس پەیڤێکە لە کاروانەکانی شەهوەت دابڕاوەو
لەسووچی پەرستگاکان قامەتی مەییوە
هەورازەکانیش من و نشێوەکانیش تۆ
هەموو بەیان و ئێوارەیەك پاش من لەخەو هەڵدەستی و
پێشی من دەخەوی
راستیش ئەو وەهمانەن کە قەت لە کۆشی نزاکانمان نەبوونە
هەڵم

تەتاری ئەمڕۆمانن لەگۆڕستان
بەدوای شەویلاکی مردووەکان دەمانگێڕن
بینێك لەحەز تێری نەکردین
نووچێك لەسێبەر ئۆقرەی نەداین
شەلاڵی کۆسپەکانی هەورازی عیشقین
رووح بەبەژنی بەردەوەش گۆرانی دەڵێ
بەجورئەتەوە
دوێنێ مردوویەك جگەرەکێشانی تەرك داو
مناڵێکیش غەریبی بارانی دەکرد
کەشتی سەرم بەلایلایەی شەپۆڵەکانت ناخەوێ
ئەی دەریا
پێخەفی سواڵکەرێك گەرمترە لە باوەشی نەرمی تۆ
سنگی والآی سروشت راخراوە
تا تەمەنی مانگەکانی دوێنێ گسکدەن
چونکە ئەشکەوت دیدەکانی دەرژێنێتە دەریا و
ئەویش هێدی هێدی بۆ تریفەی ئەو مانگانە
دەیا نخوێنێتەوە
بۆنی ئەو شەوانەی کە تەرنیمەکانیان وەکو ئاو سەردەبڕان

ئێستاش تارماییەکانیان بەدیار قەڵسی تەماشا
نەخوێندەوارەکا نمان
بە باڵێی ئاوەوە دەڕەقسن
ئەی ئاو مەگەر لە نجەی چووزەرە نەمامێك و
تیقەی پێکەنینی منداڵە هەژارێکی دوای نمایش کردنی
چەندین جۆر
لەدەربڕینەکانی خۆشەویستی و
دواتر ورك و گریانی بەکوڵ
تا دینارێکی بەزەحمەت چنگکەوتووی خراوەتە نێو لەپ
وەکو ئەو رووحەت بن
کە بەداخەوە من نارژێمە نێوی
من ئەو قەتێیەم بەهەشتی ژێر سەبەتێك
بەیانی گۆرانی ئازادیم فێر دەکا
ئەمڕۆش بەدیار داوەدوولەوە فەرشی هێلانەکەی بۆ
جووتبوون رێك دەخا
من حوزنی ئەو قەیرەکچەم کە لەو دیو پە نجەرەکەیەوە
گەلاوەریوەکانی رۆشنایی تەمەنی دەژمێرێ
من سەری بێ مێزەری ئەو ترۆپکەم کە بزنە کێوییەك
دوا گوڵە رێواسی لێدەچنێ

جەخار بۆ ئەو رۆژانەی بەدیار گۆرانی ئاوەوە هەڵتووتابووم و
هەینییەك نینۆكە بێنوێژەكانی دڵمم نەشۆری
ئەگەر مەنزڵی ئەو بایە بدۆزنەوە
پێڵوەكانتان ئارامتر لەمەمكی ئاسمان تامەزرۆیی دەشكێنن
چاوەكانتان بشۆن
لەبەر شەستە بارانی فیغانی شمشاڵێك
وەرینی گوڵێك
كۆچی گیایەكی وەرزی
لێك ترازانی چڵ و بولبول پاش دادانەوەی پەردەی شانۆی بەهار
یا ئەو ئاسكەی كە بێچوویەكی بێ گیانی تازە بووی
دەلێسێتەوە بێ هیوا
مەزهەبی خوێن وڕێنەی كەڵە ئەهریمەنەكانە
دەستەكانتان لەگیرفان دەركەن
بەڵكو سپی بووبێ
داردەستەكانتان ئازاد كەن
ئاژەڵەكان خەتی جووت دەناسن
گوزەر بەسەر شۆستەكان بكەن چونكە
لافیتە یاساغەكان بەوردی لەسەر دیوارەكان نووسراون

پێ مەخەنە كونی مار
ئێوە ئێشكگری تاقانەیەك نین
دەبا پرسیاری گەش بۆ ئەم وەڵامە كرچانە بكەین
هەر تینی بیری تیژی هەتاوە
سەردانی ماڵی سێبەرمان پێ دەكات
ئەگەرچی
هەستمان
سەفەر بێت و
تێشوومان
هەنگ بێت و
كەللە سەرمان
دژ بەماچی لم بێت و
خەندەكانمان
ژاری مار بێت و
گریانەكانیشمان
تیمساحی بێت.

١٩٩٩/١/٣ دەستی پێكرا لە٢٠٠٠/٨/٧ تەواو بوو.

# زیفاف

پەرت بوونی نیگام بەسەر سنگ و مەمکە سڕەکانت
رامبوونت بۆ گڕی عیشقم
میوانداریم لێرە زێتر کلۆڵ دەکا
ئەی زەوی
زەمەن کەواکەی هێندە لە بەژنی خۆی درێژترە
لەژێر پێی دەخشێ
هاکە کەوت
رووبار نەزیفێکە
هێشتا کەشکۆڵەکەی هەڵگرتووە
بەخەونی سەرخەوێ لەجەنناتول عەدن
گەردوون
سەردەمێ تەهلیلەی ئەشکەو
سەردەمێکیش حەرەمێکی گەنیو
غوربەت

لە پێڵووی زەرنەقووتەکانەوە
مەنفایەکە بێ نوور
ئەو قاقایانەی لەئینجانەکا نمان چاند
خۆ بزەیەکیشیان نەگرت
شورفەکا نمان پەرێزی گوڵن
پاسارییەك تەوافی ناکات
دڵۆپە شەونمێك
نوێژ لەسەر بەرماڵی ناکات
ئای کە خالین شورفەکا نمان
کامەرانی زاهیدێکە
ئێستاکێ نوێژی ئاو دەکا
نزای مەرگ دەژنەوێ
تا لە مەحشەری پەروانەکانا حەشر بکرێ
کە شەو رەنگینتر دەبێ بە تاریکی
سەگەکان دەلوورێنن
خوێ لەچاوە کزەکانی وڵات دەکەن
لە ئاوێنەی مانگ
تەرمی باڵندەو رووحیانەتی وەڕسی باخچە دەبینن
دەلوورێنن

حەسیرە دڕاوەکانی زوهد لەدیوی دەرەوەی
حوجرەکانی فیقه دەبینن
ئێوارەی کاتژمێرە بێدەسەڵاتەکان دەبینن
من غەریبییەك بەر داڵانی گۆشەگیری گۆش کردووم
لەوێ نەبم
فرمێسکی گۆرانییەکانم وشك دەکەن
قورمیشی قەڵەمم پێ نادرێ
ئەی دەست ئەوە فیراقی من و تۆ
با لە میهری ئەم دیمەنە گوڵ نەچنی
چراکان ئەم ئێوارەیان هەراسان کردووە
جەللادی تاریکین
ریاکاری رووناکی
بەسە
با زەقنەبووتی حەقیقەت و تەڵخە ژەنگی نیگەرانی نەبینم
بە بەرینی کەون
راستی شەڵاڵی تەمە و خۆشەویستی میوانێکە ناوەخت
رێبوارێکە دەزووی نیگاکانی ئاڵۆز
سکاڵام نێچیرێکە ژەهر لە بەرداخی
ئەم ئێوارە برۆنزییە دەنۆشێ

ئێمە هەر لە پە نجەرەکانەوە
سەخییانە بۆ میهری فریشتە و باران دەگرین
بەیانییەك
دوابزەی ئەستێرەیەك موناجاتی عابیدێکی
لە عومرمان نە پاززنی
ژیان چوار رێیانێکە
رێیوارەکان بەهەر کام لادا دەڕۆن
فریو دراون
دەبسووتێ ئاگر با رۆشنایی لە پاکیت پەرتبێ
مەجلیسی ئەم درەختانەش پڕ بێ لە نوور
دەستی وەرزەکان بەتاڵ بن و
ئەوانیش گەڵاکانیان ماچ ببەخشن
با ئە مجارە پرچی شەو رەش نەبێ
دەخیلە
بەڵکو کلیلی نهێنییەکانی باخچە بدۆزینەوەو
لە پیری بزەیەك بەرەو مەرگ زیفافمان بکات
شووشەی بێدەنگی مانگ لە شە پۆڵەکانی گومانی دەریا شکا
کێ دەتوانێ لەم کاروانسەرایە بەهێمنی میوان ببێ
گوزەر بەسەر رۆخی عیشق ئاگرە

گوزەر بەناو عیشق سووتانە

گوزەر بەبێ عیشق خنکانە

گوزەر بەسەر تەرمی عیشق

صۆفییەك دەیكات بێئاگا لە پەیامی پێغەمبەرانا

بنەخشێ باخچەی عیشق

دەفزەنێكم لەبەر قاپیت ویردەكانم

بێبەرین لێم

گوڵەكانت شكۆفەی پێكەنین ناكەن بۆ دەروێشیم

مەگەر خۆری بەزەییت

تاڵە زێرینەكانی بەئەڵقەكانی دەفەكەمەوە بكات

مەگەر سەنگی قسەیەكم

سەری قەبووڵت بلەقێنێ

ئێرە كاروانسەرایە میوانی دڵوەستە

لەخوا حافیزیا دەگرییێنێ

لانكێكە جادووگەرێك دەیهەژێنێ

ئێرە خێوەتی موحیببەتەو منداڵێك بێ نمایش

خێرا تیقەو زەردەخەنە دەكات

ئێرە خێوەتی موحیببەتە

دەڵە پڵنگێك بەرائەت لە چاوەكانی دەچۆڕێن و راكشاوە

بێچووه بزێوەکانی هەر بۆ هەوەس
گاز لە مەمکە پڕ شیرەکانی دەگرن
ئێره خێوەتی موحیببەتە
پیرێك تەمەنی فرۆشتۆتە دەزووە باریکەکانی
دوکەڵی جگەرەکەی
لەم کاروانسەرای موحیببەتە
کۆشمان بۆ بارینی پەڕەسێلکە ئاوەڵایە
ماڵەکانمان لەبەر خۆر هەڵدەخەین
ژوورەکانی باخەڵیشمان پڕن لەترسی سێبەر
عوریانی شەرم و کەساسی تریفەکانی ئارامین
خوێن نەبا
فریشتەکان داوای گەردن ئازادیان لێدەکردین
شمشێر چ کارە بوو بۆ تەوازون
ئێمە پاش حەرامبوونی شەوڕنی بێستانەکان
لەم سارای نەدامەتە
لەیەکەم گریانی کۆرپە حاڵی بووین
درکمان بەهەنگاوەکانی تەمەن کرد
ئەی گومان
من لەمەراسیمی بەئەسپەردە کردنی

دڵۆپ دڵۆپی ئەم بارانە لەوێ بووم
لە پرسەی مەرگی ئاوێنە لەوێ بووم
کاتێ دوعای کانیاوەکان هەڵمیان لێ هەڵدەستا
کاتێ شەهوەتەکان بەجوانەمەرگی جواندە بوون
کاتێ مەسکەنەکانی عیشق بورکانی شاگەشکەیی بوون
کاتێ بازنەکانی چاو تەسك دەبوونەوەو
هی خۆریش بەرین و بەرینتر
من لەوێ بووم
دەتەوێ لە کامیان پاشگەز ببمەوە
سەرم بەسەر شۆستەی ئێوارەیەکی غەریب کردووەو
کەزییەکانی زەردەپەڕ
دوا راماووسانیان لەدوا نیگا
ماچی لۆچەکانی سیمای منە
ئەگەر ئەمشەو بەفر فەرشی راخا
رووحیانەتی چنارەکان تەوافی ماڵی خوا دەکەن
کوکوختیەکان لە پێشوازی کرمە سوورەکانن
جۆگاکانیش پڕ لەگۆرانی
ئاگردانەکانیش حیکایەتی
( هەبوو نەبوو، کەس لەخودا گەورەتر نەبوو. )

دەکەنە نەفخێك غوسلی گوێچکەکانمان دەکەن
دەداکە بەفر
تۆ نمایندەی
سڕبوونەکانمان سواغدە
دایکیشم لەخەوما دەیگوت
رۆڵە وەرە
ئەگەر هاتی
کراست سپی بێپەڵە بێ
دڵت سپی بێپەڵە بێ
رووحت سپی بێپەڵە بێ
با لەم زیفافەش
سەرتاپات سپی بێپەڵە بێ.

لە٢٠٠٠/٩/١٥ دەستی پێکرا، لە٢٠٠١/١/١٧ تەواو بوو

# خەو و خەون

٢٠٠٨/٢/١٦

بەشاشی و واشی
دروێنەی کاتیان دەکردو
تەمەنیش لووس
خەو یان خەون؟
خەون زەنگیانەییانە جەرگیان کوندەکراو
لەسێدارەی تەناف دەدران
تا گیرفانەکانم
کتێبخانەکەم
ژوورەکەم
پڕ بوون لەچش
راستیش بەبالاّ کورتەکەیەوە
بەشاشاری درۆ گوزەری دەکردو
لەدەرگاکانی دەدا
مە یخانە

ماڵی پاشا
ماڵی وەزیر
ماڵی فەقیر
دواجار لەدەرگەی مزگەوتێك
بە بزەوە دەسەسڕی ڕاخست
لەوبەریش
پیرێژنە دۆمێك
عابیدە ریشدارو تەسبیح درێژەکان
دوای نوێژ دەرکەوتن
ئەمیان دەیگوت
لەرێی خودا لەرێی پێغەمبەر......راستی
ژنە دۆمەکەش لەوبەر
بەقوڵپی درۆی گریانەوە
( منداڵەکانم وردن........بێباوکن )
هەموو مۆرەیان لەو دەکردو
دەسەسڕی دۆمەش پڕ بوو لە دینار
تا دواجار
ئەویان بەگریان و ئەویش بە پێکەنین

دەسەسڕەکانیان هەڵگرت
ئەمجارەیان هی ئەو پڕ لەگریان و
هی ئەویش پڕ لە پارە
ئەدی راستی
خەڵکینە.

# تەمەنی پایزی

٢٠٠٦/١/٣

پایز لەگیانی گەڵاکانی یاسینی دەخوێند و
ئاخەلێوەی تەمەن دەرگاکانی دادەخست
درز کەوتبووە جەماڵی دزراوت
بۆنکرۆزی ئێوارەیەکی غەرییت لێهەڵدەستا
کێ دەیتوانی ئەو مەنگییە بشلەقێنێ
مەگەر حەکیمێکی شارەزا
هێی گیرخواردوو
دەڵێن لە وڵاتی مازندەرانێ
حەکیمێ هاتووە و ئاوی حەیاتی پێیە
کەچوویتە لای ئاگادار بە
ورشەی زوڵفت مۆمی بەردەم کتێبەکەی
رووح نەکێشێ
دەشێ تەون و داوێ هەبن......رێت پێ بگرن

ناحەزانێ..... بەمەرگی عیشق
جەزبە بگرن
مەگەڕێوە بچۆ بچۆ
هەواری تۆ وا گەنیوە
گوڵی تێدا قەت ناڕوێ
بچۆ هەتا حەکیم ماوە
مۆمی بەردەم کتێبەکەی داگیرساوە
با نزاکانت
خواستەکانت
ئارام بن
بچۆ مشتێ خۆری سپێدە لای ئەو بێنە
نزاکانت
خواستەکانت
بە ئارامی بخەوێنە.

# منی بیٚ خوٚم*

چاوەڕوانیم لە ئاخەلیٚوەی پایزی تەمەن
هەر رۆژەی کۆرپەیەکەو
لەئامێزم بەرەو گۆڕی دەبەن
هەر رۆژەی ملوانکەیەکەو
بە ملی ئەژدیهای مەرگی وەدەکەن
هەر رۆژەی نالەی فلوتێکەو
بۆ کۆچی جوانە مەرگێکی لێ دەدەن
هەر رۆژەی سەفەرێکە
لەکرۆژتنی پە نجەی نەدامەت
چاوەڕوانیم بێهوودەیەو
ئارامی لەتێفکرینم بڕیوە
ئەو دوێنێیەی دوێنێ نەفرەت بوون
ئەمڕۆ خۆزگەن
ئەو سارایەی لە دوێنێ قومێ ئاویان نەدەزناند
ئەمڕۆ مێرگێکن یاساغ و دووره دەستە

ئەو چرایانەی دوێنێ بریسکیان
سۆمایی چاوی دادەهێنا
ئەمڕۆ بۆ تروسکەیەکیان چاو سۆمایی دادێ
تۆ چ نەسیمێکی فێنك بووی
چ رووحێکت دایە بەر رووحم
چ شمشاڵێکت بە قەدوباڵای تەمەنم دەژەنی
تۆ هاتی و
نازانم قاتڵ بووی یان فریادڕەس
تۆ هاتی و
نازانم جواناوی پێش مەرگبووی
یان هاتی حەسرەتناسم بکەی
خانەی خەراپ بێ نەدامەت
بۆتە کرمێ
زۆر لەسەرخۆ دەم دەنێتە دەمی زامم
گەلێ هێمن چی لەگیانم هەیە دەیخوا
تەنها هەستم نەبێ
ئەویانم هەردەم ختووکە دەداو
چۆڕ چۆڕ فرمێسکیان پێدادەرێژێ
تەنها هەستم نەبێ

که نایەڵێ بۆ ساتێکیش چاو لێکبنێ
لەهەر کونجێ هەستم حەشار دەدەم
هەراسانیم زێتر دەبێ
بەهەر شتێ پێبکەنم
گریان هێزی زێتر دەبێ
له وجودم بە گومانم
من هەم یان تۆ
هەر تۆ هەر تۆ
هەر تۆ هەر تۆ
ئەگەر هەشبم
تواومەتەوە لەخودی تۆ
لەنێوان دوێنێ و ئەمڕۆم
سوباتێك له وشیاریم هەیه
یان پچڕانێك له مەوداکانی زەمەن
یان هەیمەنەی زامی عیشقێك
که له دوێنێ بەصەر (بصر) نەیدەدیت و
ئەمڕۆ بەصیرەت (بصيرة) لەئاقار یا حەسرەتکێشانه
مەجزوبەیه
گەر دەمزانی

بەکامە ڕێدا هاتووم و گەییومەتە ئێرە
دەگەڕامەوەو
پێخوستەکانم دەسڕییەوە
دەزانی ئێستا من چیم
شەڕگەیەکم
پڕ لەبۆنی باروت
کۆمەڵێك دارو پەردووی ڕووخاو
شەڕگەیەکم
لە هەر پەنایە چرە دوکەڵ
لە هەر شوێنێ خوێن و ناڵە
شەڕگەیەکم
لە ناکاوا تەقەی تفەنگێ.... لرمەی تۆپێ
تەراتێنی چی دەعبایە لە ناو کونکونی جەرگم
من شەڕگەیەکی وێرانم
خاپوورو تە پیوو
پڕ لە گۆشتی برژاوو گەنیو
ئەو مارشاڵی شەڕە کوێیە
کە هەر دوێنێ بوو لەم شەڕگەیەو
لە نێو کونجی ئەم حەشارگەیە

بەڵێ مارشاڵی کبریائم
کە بە وتارێك حەماسەت و ورەی سەربازانی هەموو جەستەی
گیڤ هەڵدەینام
دەمەوێ بێت و وەك من چۆك دابدا
بەڵکو بچینەوە دوێنێ و
لەگەڵ ئەوێ ئاشتبینەوە
یان هەر نەبێ خۆڵ و خاشاکم ببینێ
تا بزانێ چی پێکردووم
نازانم دوێنێ بە پۆزشێك لێمدەبووری
یان تا ماوم
ئەنگوستە کرۆژتراوەکانی پەشیمانیم
خوێن و کێمیان لێدەچۆڕێ
لە دەنگی بێدەنگی زێتر نابیستم
لە ڕەنگی بەدڕەنگی زێتر نابینم
بۆیە یەکجار بە ناو یەکا داتە پیوم
دەوەرەوە بەڵکو جارێکی تر
خۆمی ونبوو
لەناو تۆدا بدۆزمەوە
ئەو منەی لەناو تۆدا

فانی بووە
شەڕگەیەکم
چی ئافەتە لەناخمدا خڕبۆتەوە
تا قەڵەمەکەشم بە دێرێ چاکە نامنووسێتەوە
شەڕگەیەکم
تەنها ویژدانم شمشێرەکەی هەڵبڕیوە
دادوەرێکە بە سەرمدا دەنەڕێنێ
دانپیانانم وردە وردە پێدەدرکێنێ
شەڕگەیەکم
هەرچی لەوێن بە بای مەرگ دەشنێنەوە
تەنها منم بە ناو خۆمدا دەخولێمەوە
شەڕگەیەکم
گەلێ سامناك
شەڕوانەکان وەك هەموو رۆژێ
سبەی دێنەوە
دووسبەی دێنەوە
سێیەی دێنەوە
ئەگەر تۆ نەیەی بۆی هەیە
هەتا هەتایە

هەر بێنەوە      هەربێنەوە
هەموو رۆژێ تـا و نجرٍ و نجرٍ تویَ تـویَم نەکەن
نابرِێنەوە
وەرە و چڵە زەیتوونی حەوشی مەعبەدێك
بکە داردەست
تەنها بە هاتنی تۆ
ئەم شەرگەیە
چیتر تە پڵی شەرِی تێدا لێنـادرێ و
تەقە دەبرِێ
خۆم بۆ بێنەوە
بـا تێر لە ئامێزما بگریم
بـا بۆی بگێرِمەوە
منی بیَ خۆم
چ کارەساتێکی مەزن بووم.

* لە هەفتەنامەی میدیا ژمارە ٥٨٣ لە٢٠١٣/٦/١١ بڵاوکراوەتەو
لە ٢٠١٠/١٢/٢٣ دەستی پێکرا، لە ٢٠١١/١/٦ تەواو بوو.

# جەوهەری عیشق

٢٠١٢/٤/١٩

لە ژێر دارتووی فیراق
نووچەیەکم دا
شاتووی بەچێژی عیشق باری
بارانێك درەنگ وەختە
لە وەرزی خەزانی دروێنەی چاو
راکە راکەی نەفامییە
کەخەڵك نازانن عیشق لەوێ نییە
ئەوان بەدەستەملانی سوراحی و پیاڵە ئاڵوودەن بە مەی
من بە سۆزی دووری ئاڵوودەتم
دیارە عیشق جۆری هەیە
ئەوەی راستە هەرچی گەیشت
لە ئاشی گڵ باراش دەکا
مەعشوقی من کە پێناگا

هەر چروٚیە
بوٚیە بەم مەملەکەتی مەحسوساتە هەرکات ناموٚیە
مەقامی خولدە عیشقی من
هەر دوورییە بوٚ طـەهارەت مەرجی پاکی
دەك پیروٚز بیٚ ژانی بیٚ ژوانی عیشقی من
کە خەڵك چاوی بوٚ بینینە
من بوٚ گریە
سەد ماشەڵڵا کە بیٚ تەخسیرە چاوی من
دیدەن تەلاٚی دەگمەنە
حەیفە گەدا خەونی ئاوا ببینیٚ
فیراق بوٚ من هەم مەسکەنە و
هەم دڵنەوا
سیزیف، قەقنەس لە ریٚی وەصلاٚ موبتەلا بوون
فروٚید جەهلی عیشق هەڵەی پیٚکرد
بوٚیە حەواس ئەلەکتریکی کویٚرە ریٚی بوو
من میٚرگی کامەرانی دووریتم سەوز ترە
لەباخچەی پڕ خەتەری ( اذا لامستم )
بەندە ئیٚستا طاهیرە بیٚ خودایی ناکا

چرایەکی داگیرساوی ماڵی دڵی
نا نا دڵی
لە بری خوێن
بە کانیاوی سەرمەدی عیشق سەرا پام ئاو دەدەی
منم خودی عیشق نەوەك عاشق
کە عیشق ئەصلی مەصدەرە عاشق چییە لەوێ
ئەی نیگابانی تەییاری شەهد
زامەکانم گۆرانیت بۆ دەڵێن
هەوار هەوار دەبنە دەستە خوشك و
خەنەبەندانی خوێن دەکەن
ماڵئاوا لەو سەردەمەی کە من هەبووم
بە ( الفناء فيك ) کە خۆڵەمێشم بابردی
لە دەرەوەی هاوکێشەکان
لە دەرەوەی میتافیزیك
عەقڵ و مەنطق
بوویتە بارانی ( وفار التنور ) و داباریت
خۆڵەمێشت کۆ کردمەوەو
لە ناو خۆتا فەنات کردم

ئای كه تازه كۆ نا بمه‌وه
چۆن له سه‌فه‌ری هاتنمدا
بێچاره بووم
له‌م سه‌فه‌ره‌ش
پرس و رایه‌ك ....
ته‌ئسیری پاڕانه‌وه‌و نزایه‌ك
شه‌فیعی بێده‌سه‌ڵاتیم نه‌بوو
ئێستا من ناسنامه‌م بوونی تۆیه
كۆیله‌یه‌كی بازاڕی عیشقم
نا نا ..... ئه‌من خودی عیشقم
له‌مه‌ش زیاتر ناوێك بۆ بوونم نادۆزمه‌وه.

# پیاسه

٢٠١٣/١/٩

ئەمە هەناسەی پڕ لە ناز و عیشوەی بەیانە
یا دوا هەنسکی شەلاڵی جوانە مەرگبوونی شەو
هاژەو خوڕڕەی ڕووباری تەمەنم ناسەنگرێنەوە
گلۆرەی سەرەو لێژن
پڕ لە ئێشن
هەیهووووو...............ڕۆیی
دەڕوا پێش ئەوەی پیاسەیەك بە تەمەنم بکەم
هەرچی هەیە هات و شەقڵی پێیەکانی لە پیاسە بەرەو
ژوور سێبەرو تاوی پشکنی
تەنها من
من نەهاتم. پیاسەم بە زەمان و مەکان نەکرد
سەربوردەیەکم نەبوو بیگێڕمەوە
من نەمامی سیسی دەستی وەرزێرێکی غافڵ گیر بووم

له ڕەهەندێکی بێئامانا شەتڵ کرام
تەمەنم درەختێکە
جۆرەها مەل لە سەر سەرم نیشتنەوە
عاشق بوون و هێلینیان چێکرد
بە زەوق و ڕەنج و چڕینی سروودی ئازادی
بە بێچووەوە
بەرەو پیاسەو تۆماری مێژوویەك سنگی ئاسمانیان
بە باڵ تێر ڕامووسی
تەمەنم درەختێکە
ڕێبوارەکان بۆ پشوویێ لە سێبەرم چەندین
چیرۆکیان پرێسکە کردەوە
تەمەنم درەختێکە
چەندین دڵخواز هاتن لە سایەما پە یمانی درۆ و
راستیان بە شایەتی من مۆر کرد
لە سەر دڵم وێنەی دڵی تیرەندازیان وێنە کێشاو
جێیان هێشتم
تەمەنم درەختێکە
چەند سۆزانی لە پەنای من ئاخ و ئۆفیان کردە ئۆخخەی

هەرچی هات....مەودای پیاسەی چیرۆکێك بوو
تەنها من نەبێ گوێگری چیرۆکی هەموویان بووم
لە ناخمدا هەموویانم نووسییەوەو بەخۆشم چش
هێندەم زانی کلۆر بووم و بە سەر خۆمدا دەتلێمەوە
سەربوردەیەکم نەبوو بە پیاسەیەك بۆ کەسێکی بگێڕمەوە
دەڕۆم......ئیتر دەڕۆم
خۆزگە دەمتوانی کە بڕۆم
من پێکانم سندم کراون
دەبێ هەر لێرە بمرم تا ئاگردانی شەوی
ڕێبوارێك بە ژیلەمۆم بجۆشێنم
مێژوو بۆ منی بێ پیاسە و بێ سەربوردە کوانێ
زەمەنی من ژەنگ میلەکانی جەرگبڕ کردوون
هاتن و چوونی من مەجازییە
ئای لە هاتن و چوونی بێمانای من
پێم نەنا بە مێروولەیەك تا پەشیمان بم
بە رووی داماوێکەوە نەچووم تا شادمان بم
من لێرەم و حیکایەتی هەمووتانم ئەزبەر کردووە
ئێوە دەچن ئەوان دێن

لا پەڕەکانی تەمەنتان هەر چۆنێ بێ نەخشاندووە
ئێوە پاکتان پاکە و پیستان پیس
تەنها من لە ئەعرافا گیرم خواردووە
من لە مێژوو و زەمەن نێوم تۆمار نییەو
بێپێناسم
سەیرە من خۆشم خۆم باش ناناسم
ئیتر تەمەن فوویەکی قووڵ لە مۆمەکەی وا کرا
کەس بۆی نەگری
چونکە نە پیاسە و نە سەربوردە و نەجێ پێی
تیا نەبوو.............. دەسپێك و دواییشی دیار نەبوو

# گوڵ و گولله

دەستی چەپم بۆ دەستی ڕاستم
بە حەزێکی لێبڕاوانە ویستی
تەوقە بکا و تێکبئاڵێن
لە ناو دەستی ڕاستم
لە باوەشی دەستی ڕاستم
گرژی هەستی خاو بێتەوە
دەستی ڕاستم بۆ دەستی چەپم
بە حەزێکی لێوانلێو لە خۆشەویستی
ویستی
تەوقە بکاو تەسلیم بە جۆشی ئەوین ببێ
لەناو دەستی چەپم
لە باوەشی دەستی چەپم
سینگ واڵاکا و
دەستی چەپیشم سێوانی دەستی ڕاستم بڕامووسێ
دەستی چەپم بە گوڵەوە
دەستی ڕاستم بە گوللەوە
دەستی چەپم بە گوڵەوە

چوو بۆ ژووانێ
دەستی راستم بە گوللەوە
چوو بۆ ژووانێ
کاتێ دەستی چەپم بە گوڵەوە
دەستی راستم بە گوللەوە
بۆ یەکتر چوون
گوڵ راچڵەکی
گوللەش لێیهاتە سەرپێ
رازی نەبوون بەو پەیمانە
گوڵی ناسك گوللەی بکوژ
ئیدی ناچار دەستی چەپم لە سارای گریانا وەك لەیلا
دەستی راستم گێژی بیابانی بۆنی بارووت وەکو مەجنون
یەکیان نەگرت
دەستی چەپم کە گوڵێکی هەڵگرتبوو
دەستی راستم کە گوللەیەك
دیسانەوە
هەر تەریب بوون
هەر تەریب بوون
بۆ یەك نەبوون

# دوێنێ

٢٠١٣/١١/٥

لە دوێنێ هاتمەوە
لە دوێنێ رامکرد
لە شکاندنی سەرخەوێکی ئەعرافی
دوێنێ و ئەمرۆم بووم
گوێم لە بێدەنگیت بوو
کپکپ هالاوی دوێنێت تێبەر ببوو
ئا............بیرم کەوتەوە
گوڵدانەکەم وا لە دوێنێیە
بەڵێننامەکەم وا لە دوێنێیە
گەرای بوونیشم هەر لەوێیە
دوێنێ گیان وا دێمەوە
من بێ گوڵدان و بەڵێننامەو
بێبیدەنگی تۆ

گریٚکویٚره و جه نجالٚی ئه‌مرِوٚ و سبه‌ی
لرفم ده‌کات
وا گه‌ڕامه‌وه دویٚنیٚ گیان
ئه‌وانه‌ی لای توٚم هه‌ن
پیروٚزترن له‌وانه‌ی لیٚره‌دا هه‌ن

# ناوەرۆك

پێناسە ........................................ ١١
كۆتكی بەفرین ........................................ ١٣
بەرەژان ........................................ ١٤
تاسە ........................................ ١٥
دیواری بەرلین ........................................ ١٧
ئەرشیف ........................................ ٢٠
جەستە ئاو ........................................ ٢٣
شەهوەتی سەما ........................................ ٢٥
پێكەنین بەگیانی بەرد ........................................ ٢٧
گـ٣ـــۆشە ........................................ ٢٩
ئەوێی ئەو دیو ........................................ ٣٠
بوخچە ........................................ ٣٢
كاتێ هەتاو نێرەمووك دەبێ ........................................ ٣٤
قەدەر ........................................ ٣٦
مارشی پەڕەمووچەكان ........................................ ٣٨
مارش الزغب ........................................ ٤٠
خەتای رووح ........................................ ٤١
ژەنگە هزر ........................................ ٤٢
پەركەم ........................................ ٤٤
پەیامێك بۆ خاچ ........................................ ٤٦
مندالٚ و گۆڕهەڵكەن ........................................ ٤٨
سارای یاخیبوون ........................................ ٥٠
قوڵپی...تامەزرۆی...گوفەك ........................................ ٥٢
ژووانی جاویدانی ........................................ ٥٤

هەوره سوتکەکانی چاو ........................................ ٥٧
کۆماری کۆترستان ........................................ ٦٠
خورشتی نەفرەت ........................................ ٦٢
شیتەڵی زەمەن ........................................ ٦٥
بارگە ئاوساوەکان ........................................ ٧٥
سەما...یاسوڕی مەرگ؟! ........................................ ٧٧
کەوتنیٚکی سوور ........................................ ٧٩
ئەلبومی لم ........................................ ٨١
تەرنیمەی قەڵەم ........................................ ٨٣
جواناوی پرسیاریٚکی ئەبەنووسی ........................................ ٨٤
ئۆقرەی قەدەر ........................................ ٨٦
بۆ شارەکەم ........................................ ٨٨
توقووس و خویٚن ........................................ ٨٩
ژووانی تەوقە ........................................ ٩٢
سەفەر و ماچی گەڵاکان ........................................ ٩٧
بەشی دووەمی سەفەر و ماچی گەڵاکان ........................................ ١٠٣
رەشاتی و کەڤاڵی رەنگەکان ........................................ ١٠٩
ساباتی دادگا ........................................ ١١٤
باوەشی گەرمی ئاو ........................................ ١١٨
زیفاف ........................................ ١٢٧
خەو و خەون ........................................ ١٣٥
تەمەنی پاییزی ........................................ ١٣٨
منی بیٚ خۆم ........................................ ١٤٠
جەوهەری عیشق ........................................ ١٤٧
پیاسە ........................................ ١٥١
گوڵ و گولله ........................................ ١٥٥
دویٚنیٚ ........................................ ١٥٧